زانكۆی سەلاحەدین ـ هەولێر
كۆلێژی زمان ـ بەشی زمانی كوردی
قۆناغی یەكەم : كۆرسی دووەم

# phonology

# فــــۆنــــۆلــــۆجی

مامۆستای بابەت :
هەژار قادر اسماعیل

# فۆنۆلۆجی: phonology


## یەکەم : فۆنیم Phoneme

فۆنیم یەکەی پێکهاتەی فۆنۆلۆجییە، کە خۆی هیچ واتایەکی نییە ، بەلاّم هۆکارێکی سەرەکی یە بۆ گۆڕانی واتای وشەو مۆرفیمەکان . ئەم زاراوەیە لە ساڵی ( 1873) ز لەلا یەن زا نای دەنگ سازی فرەنسی **أ.دۆفریش ـ دیز چیت Dufriche desgenttes** لە فەرەنسا سەری هەڵدا .

لە سەرەتادا فۆنیم لە زانستی زما ندا وەك دە نگ سەیر دە کرا . بەوەی کەدەنگ و فۆنیم بۆ هەمان مەبە ست بەکاردەهات و جیاواز یان لە نێوا ندا نەدەکرا، و پ یت و فۆنیمی شیان بۆ دوو مەبەستی جیاواز بەکاردەهێنا . بەلاّم زانستی زما نەوانی نویٚ ئەما نەی ڕەت کردەوەو، دە نگ و فۆنیمی لێك جیا کردەوە؛ وای دانا کە هەموو دەنگێکی ئاخاوتن فۆنیم نی یە " تەنیا ئەو دەنگا نە فۆنێمن کە تایبەتن بە زمانێکی دیاری کراوو تواناستی گۆرینی وا تای مۆرفیم و وو شەیان هە یە" ، ئەویش بە گۆڕانی شوێنیان لە ووشەدا ، ئەرکی جیاوازیی واتا دەبی نیٚ، لەو جوو تە وو شانەی کە هەر ووشەیەك بە فۆنیمێك لە هاوەڵەکەی جیاوازە، ئەم تاکە جیاوازیە لەم فۆنی مەدا وای لە و شەی هاوەڵی کردووە کە ما نای ج یاواز ب ێت. وەك " ئەم وو شانەی هەموو دەنگەکانیان لە ژمارەو ریزبەندیان وەك یەکن تەنیا لە تاکە دەنگێکی بەرامبەریەك نەبیٚ، ئەم جیاییە لەم تا کە دەنگەدا مانای جیا بە وشەکان دەبەخشێت ( جووتۆکە) ی پیٚ دەڵێن " ، وەك لەم نموونانە :

| | | |
|---|---|---|
| شێر ـ بێر | بڕین ـ برین | وار ـ دار |
| کەر ـ کەڕ | هار ـ تار | کرم ـ کرش |

ئەما نەش ئەوە دەگە یەنن کە ( ش ـ ب ) ، ( ڕ ـ ر ) ، ( و ـ د ) ، ( ه ـ ت ) ، ( م ـ ش ) لە زمانی کوردیدا فۆنیمن و دوو نرخی جیایان هەیە. چونکە هەر یەکەیان دە توانن لە هەمان ژینگەدا دەرکەون و دوو نرخی ج یا بدەن، بە مەش ئەما نە هەر یە کەیان فۆنیم ێك پ ێك د ێنن "بۆ هەر فۆنیمەی بۆ مەبەستی نوسین نیشانەییٚ دائەنریٚ بەپیت لە قەلەم ئەدریٚ ". کە دەخرێ تە ن ێو دوو هێڵی بچوکی لارەوە بەم شێوەیە / / . بەمەش ڕوون دەبێتەوە کە پ یت و فۆنیم، دوو زاراوەن بۆ هەمان مەبەست بەکارنایەن . بەلاّم هەر فۆنیمێك بگرین لەمانە چەند دەنگێکیان هەیە کە هیچیان لە یەکتری نا چن. وەك / س / لە ز مانی کورد یدا چەند دەنگ ێك دە نوێنیٚ. وەك لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە .




[ ص ] صار ——— ◄ / ص /
سیستەمی زمانی عەرەبی
[ س ] سار ——— ◄ / س /

که هیچ یەك لەم دوو [ س ] لە زمانی کوردیدا شوێنی یەکتر ناگرن . ئەگەر بەهەر شێوەیەکیش چوونە شوێنی یەکتری، ئەوا وشەکە دەشێوێ ، بە جۆرێك قسە پێکەرانی زمانە کە لا یان نامۆ یە یا گرانە. بەمەش دەنگی [ س ] لە ووشەی ( سالْ )، وەدەنگی [ س ] لە وشـەی ( سەر )دا هەر یەکەو دەنگێکی جیاوازە لەوەی تر ، بە هەردووکیان ئەلۆفۆنێ پێکدێنن کە بۆ فۆنیمی/ س / دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەمە تایبەتە بە زمانی کوردی، هەروەك دەبینین لە سیستەمی زمانی عەرەبی دا ئەم دوو دەنگە هەر یەکەیان فۆنیمی سەربەخۆن نەك ئەلۆفۆن Allophone . چونکە هەر یەکەیان نرخی خۆی هەیە.

لەم ڕووەوەش دەتوانین بڵێین کە هەندێ دەنگ هەن لە زمانی کوردیدا دوو نرخی جیایان هە یە، کەچی لە زمانەکانی تر بۆ نموونە وەك عەرەبی بەم شێوەیە نییەو بە دوو دە نگ یەك نرخ پیشان دەدەن ، بە پێچەوانە شەوە. بە مەش بە پێی یا سای فۆنۆلۆجی هەر زما نەو ژمارە یەك فۆنیمی تایبەتی خۆی هەیە. دوای ئەوەی فۆنیممان بەم شێوەیە ڕوون کردەوە دە توانین بڵێین کە(( فۆنیم بچوکترین یەکەی دەنگی ئەبستراکتە کە جیاوازی واتایی لە نێوان وشەکاندا دروست دە کات.)) ئەم یەکە دەنگیەش بە چەند شێوەیەك دەدرکێنرێت کە ( ئەلۆفۆن ) یان پێدەوترێ،وە هیچ کام یان ناچێتە شوێنی ئەویتریان لەو ژینگە یەی کە هەر دانە یەکی تری هەمان فۆنیمی تێکەوتیبێ، بە مەبەستی گۆرینی وا تا، هەر شێوەیەکیش لەم شێوانە لەکاتی درکاندنیدا لای قسەکەر دەنگێکی ڕاستەقینەیە پێیدەوترێت ( فۆن Phone)[3] ، کە لە سنووری ئەلۆفۆندا بەدەر دە کەوێت وە. ئەلۆفۆنیش لە نێوان دوو کەوانەی لەم جۆرە [ ] دادەنرێن .

وەك ئەو گۆرانکاریە دەنگیەی بەسەر فۆنیمی / ك / داد یێت لە وشەکانی ( کێو ، کار ، داك ) کە ئەمانە بە پێی ( سیاق ) دەنگە کە گۆڕا نکاری بە سەر داد یێت بە جۆرێك [ ك1]نزیکە لە چ کە جیاوازە لە [ ك 2] کە ئاسایی یە هەریەکەشیان جیاوازن لە [ ك3] کە بەستراوە واتە بێ دەنگە .

3 ـ فۆن Phone دەنگێکی زمانی ساکارە کە دەتوانرێ بە هۆی ئامێری هەستیاری دەنگی تۆمار بکرێ . ئەم دەنگە کاتێ دەدرکێنرێ هاوتا کەی هەرگیز دووبارە نابێتەوە لە قسە کەرێك یا لە قسەکەرێکی تری جیاواز .




## 1 – پێناسە كردنی فۆنیم :

فۆنیم " بچووكترین دانەی فۆنۆلۆجییە لە زمانێكی دیاریكراودا كە ئەركی جیا كردنەوەی واتا بە جێ دەهێنێ ".وەك لەم وشانە ( بیر : تیر ) ( تەڕ : مەڕ )
گۆڕانی هەریەكەلە /ب/ و /ت/ لە وشەكانی ( بیر و تیر ) بووەتە هۆی گۆڕینی وا تای وشەكان , بە هەمان شێوەش لە وشەكانی( تەڕ و مەڕ ) یش دا گۆڕانی/ ت / و / م / واتای وشەكانی گۆڕیوە.

فۆنیم" ئەو دانە فۆنۆلۆجیانەی كە لە زمانێكی دیاریكراودان و ناتوانرێت بۆ یە كەی فۆنۆلۆجی بچووكتر شی بكرێتەوە، پێیان دەوترێت فۆنیم." وا تە فۆنیم كەرت ناكرێت , چونكە خۆی بچووكترین دانەی دەنگییە .

وەیا فۆنیم " بچووكترین دانەیە كە جیاوازی لە واتادا دروست دەكات لە نێو یەكەكانی زماندا ". وەك نموونەكانی سەرەوە .

پێناسەیەكی تر : فۆنیم شتێكی ڕووتە ، بەلاَم لە ڕێگای دەنگەكانییەوە دەردە كەوێت " وا تە ئەوە ئەوەی لە قسەكردندا دەردركێنرێ ئەلۆفۆنەكانن نەك فۆنیم، كە بچووكترین یەكەی دەنگییە.

وەیا فۆنیم دەنگێكی نموونەیی یە هەوڵ دەدەین كە لە دركاندندا لاسایی بكەینەوە , بەلاَم لە دەركردنی بەو شێوەیەی كە دەمانەوێ , یا بەو شێوەیەی كە گوێمان لێی دەبێ سەركەوتوو نابین" واتە ئێمە هەزاران دەنگ بدركێنین هیچیان وەكو یەك نابن , هەر هەموویان جیاوازن , بەلاَم ئێمە هەستیان پێ ناكەین مەگەر لە تاقیگەی دەنگی( مختبر الصوتی )نەبێ .

ئەم تێڕوانینە تا رادە یەك لە تیۆری ( مثل )ی ئەفلاَتون دە چێت , بە جۆرێك ئەو دەنگانەی دەردەبڕین وێنەی راستەقینەی دەنگەكە خۆی نییە كە لە مێشكدا وێنەمان بۆ كێشاوە , وا تە هەر هەموویان لاسایی كەرەوەی ئەم دەنگەن .نموونەی ( كورسی ) كە چەندین جۆری هەیە .

## 2 – تایبەتمەندیەکانی فۆنیم :

فۆنیم لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە چەند تایبەتمەندیەکی هە یە، وا تە بە پ ێی ئەم تایبەتمەندیا نە فۆنیم دەناسرێ :

أ- بچووکترین کەرتی وشەیە کە واتا نابەخشێ، بۆ کەرتی بچووکتر لە خۆی کەرت ناکرێت .

ب - دەبێ ڕاستی سایکۆلۆجی تێدابێت، واتە خاوەن زمان هەست بە بوونی بکات.

ج - بە گۆڕینەوەی لەگەڵ فۆنیمێکیتردا، واتای وشە دەگۆڕێ .

د - لە وشەکاندا لە ژینگەی جیا دەردە کەوێ، وا تە سەرەتاو ناوە ندو کۆ تایی و شە. بۆ نموو نە , فۆنیمی / و / لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەکان دەردەکەوێ وەك ( وشە , کوڕ , داو ) .

بەم پێیەبێ هەر دەنگێك بە فۆنیم دانانرێ ، ئەگەر ئەو تایبەتمەندیانەی سەرەوەی تێدا نەبێت.

## 3 – دەست نیشان کردنی فۆنیم و ئەرکی فۆنیم :

دیاریکردنی فۆنیم کارێکی کارەکی و مەیدانییە لەو زمانەی یان لەو شێوە زارەی کە فۆنیمەکانی تیا دەست نیشان دەکرێ.

یەکێك لە ئەرکەکانی فۆنیم جیا کرد نەوەی واتا یە. ترۆبتسکۆی یە کەم کە سە بە شێوەیەکی زانستی یاسا بۆ جیاکردنەوەو دەست نیشان کردنی فۆنیمەکان دادەنێت، لەو پەیوەند یەی کە لە نێوان فۆنیم و شێوە جیاکانیدا خستیە ڕوو، کە تا ئیستاش ئەم یاسایانەی خوارەوە بە بنچینەی زانستی دادەنرێن .

أ- ئەگەر دوو دەنگ لە هەمان زمان بن و لە هەمان ژینگەی دەنگی دەربکەون، توانیان شوێنی یەکتر بگرنەوە بێ ئەوەی لە ئەنجامی ئەم گۆڕینەوەیە جیاوازی واتا ڕوو بدات، ئەوا ئەم دوو دەنگە دوو وێنەی هەڵبژێردراوی یەك فۆنیمن. وەك

/ ل / ← [ ڵ ] ← بەڵێ [ سلێمانی ]
/ ل / ← [ ل ] ← بەلێ [ گەرمیان ]
/ ل / ← [ ر ] ← بەرێ [ هەولێر ]

ب - ئەگەر هاتوو دوو دەنگ لە هەمان ژینگەی دەنگی دەرکەوتن‌و نەیانتوانی شوێنی یەکتر بگرنەوە بێ گۆرانکاری لە واتا، یاخود بێ ئەوەی وشەکە لێڵ بکا یان وای لێ بکا لە زمانە کە نامۆ بێ، ئەوا ئەم دوو دەنگە دوو وێنەی دوو فۆنیمی جیان. وەك ( بیر ، تیر ) و ( کەڕ ، کەر ) ئەوە نیشان دەدات کە گۆڕانی هەریەکەیان بەویتریان دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا.

ج ـ ئەگەر دوو دەنگ لە هەمان زمان لە ڕووی درکاندن و بیستن لێك نزیك بن، وە هەرگیز لە هەمان چوارچێوەی دەنگی دەرنەکەون، ئەمانە بە دوو وێنەی یەك فۆنیم دادەنرێ ، وەك فۆنیمی / ك / کە هەرگیز ئەلۆفۆنەکانی لە زمانی کوردیدا ناچنە شوێنی یەکتری.

دەنگ [ ك 1 ] کێو

/ فۆنیم ك / ← دەنگ [ ك 2 ] کار — سیستەمی زمانی کوردی

دەنگ [ ك 3 ] داك

ئەگەر بە ووردی سەیری ئەم یاسایانە بکەین هە ست بە لێکچوونێك دە کەین، لە ذێوان یا سای یەکەم و یاسای سێیەم، ئەم لێکچوونە جیا یان دەکا تەوە لە یا سای دووەم . ئەم لێکچوونە لە خالێکدا یەك دەگرنەوە ، ئەویش ئەلۆفۆنەکانی فۆنیمن، کە لە یاسای یەکەمدا تا ڕادە یەك هۆ کاری ویستی قسەکەری تێدا ڕەنگ دەداتەوە، کە ئارەزوومەندیەکی تێدایە لە درکاندنی ئەم دەنگا نە، کە وایان لێ دەکات لەیەکتری جیابن. یان بەهۆی جیاوازی لە دیالێکتەکان، کە ئەویش هۆکاری کەسی‌یە نەك فۆنەتیکی یان فۆنۆلۆجی. هەرچی یاسای سێیەمە هۆکارەکەی فۆنۆلۆجی‌یە، کە ئەم زما نە وا لەو دەنگا نە دە کات لە یەکتری ج یا بن و لە شوێنی یەکتر بەکار نەهێنرێن، بەجۆرێك ق سەکەر بەسەری‌دا سەپاوە کە دە بێ وای دەر بڕێ، ئە گەر نا لە وا تای ڕا ستەقینەی خۆی لادەدات. بە هەرجۆرێك بێ ئەم دوو شێوەیە، لەمەولا بە دوورو در ێژی لە ژ ێر ناونی شانی **ئەلۆفۆنی مەر جدارو ئەلۆفۆنی بێ مەرج ( سەربەست )** باسیان دەکەین.

جگە لەمەش جیاوازیەکی تری خاڵی سێیەم لەوە دایە کە مەرج نی یە، ئەم دوو دەذگە هەمی شە واتا نەگۆڕن. هەر وەك " لە کوردی‌دا جووتە وشەیەکی وامان دەست ناکەوێ کە بەهای دەنگی/ خ / و /غ / لە زمانەکەدا دەربخات و بیسەلمێنێ کە ئەمانە دوو فۆنیمن یا دوو ئەلۆفۆنی تاکە فۆنیمێکن، هەر چەندە لە سەرەتاو ناوەڕاست‌وکۆتایی‌دا شوێن دەگۆڕ نەوە بێ ئەوەی وا تا بگۆڕن. وەك لەم نمونانەدا.

خەڵوز / غەڵوز ( لە شوێنی سەرەتا )

باخچە / باغچە ( لە شوێنی ناوەڕاست )

داخ / داغ (لە شوێنی کۆتایی )

لەگەڵ ئەوەش دا لە هەندێ وشەدا هەر یەکێکیان دێ، وەك ( غار / خار ) بە هەر جۆرێك بێ دەبێ ئەم دوو دەنگە پلەی ئەلۆفۆنیان پێبدرێ، کەچی هەموو زمانەوانەکان رێکن لە سەر ئەوەی کە ئەم دوو دەنگە دوو فۆنیمی جیاوازن".

فۆن : بچوکترین یەکەی دەنگی واقعییە کە دەتوانرێ ببیسرێت , لە تاقیگە لێی بکۆڵرێتەوە .
ئەلۆفۆن : شێوەی جیا جیای فۆنیمە .

## 4 – پۆلێن کردنی فۆنیمەکان :

### أ / فۆنیمی کەرتی Segmental phoneme :

ئەم جۆرەیان فۆنیمی ڕۆنانیشیان پیێ دەوترێ، لای ئەم کۆمە لە، ئەو فۆنیما نەن کەبە شێکی سەرەکی لەڕۆنانی و شە پ یێك دێ ننن و بەگۆڕانی یا بەلابردنیان گۆڕان لەفۆڕم و وا تای و شە ڕوودەدات. ئەم فۆنیمانەش هەموو کۆنسنانت و ڤاولەکان دەگرێتەوە .

### ب / فۆنیمی نا کەرتی Suprasegmental phoneme :

فۆنیمی سەرو ڕۆنانیشی پیێ دەلێن ( فوق ترکیب یە )، وەك فۆنیمی سەرەکی نابێ تە بە شێکی سەرەکی لە ڕۆ نانی و شە " سیفەتێك یان دیاردە یەکی دەنگ یە، کە ڕۆ ڵی هە یە لە ئا خاوتن‌دا و وشەکان دادەپۆشێت و سیفەتو شێوەی تایبەتی پیێ دەبەخشن , هەروەك کاتێك وشەیەك بۆ چەند واتایەك بەکار بهێنرێ ، لەبڕگەکانیدا هە ستی پ ێدەکرێ ، کەلەکورد یدا هە یز و ئاوازە و هەڵوە ستە دەگرێتەوە. وەلە زمانی تریشدا (تۆن) وەك لەزمانی یابانی و هەندێ لەزمانەکانی خواروی ئەفریقیا.

به کورتی و پوختی فۆنیمە ڕۆنانیەکان ( کەرتییەکان ) توخمی بنچینەیین لە ڕۆنانی وشە، کەچی ناکەرتییەکان پشکیان لە ڕۆنانی وشەدا نییە. ئەمانە نابنە بەشێکی سەرەکی لەڕۆنانی وشە ، بەڵکو دیاردەیەکی دەنگیە ڕۆڵی لەقسەکردندا هەیەو وشەکان دادەپۆشێت .

هێز( سترێس ): ئەو هێزەیە دەکەوێتە سەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی وشە , دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای ئەو وشە . هێز دەکەوێتە سەر ڤاولی بڕگە بە زۆریش دەکەوێتە سەر ڤاولی بڕگەی کۆتایی وشەکان .هەر کاتەی شوێنی هێز لە وشەی چەند بڕگەیی گۆڕا واتای وشەکەش دەگۆڕێ . وەك :

پاشان : هێز لە سەر ڤاولی بڕگەی کۆتایی یە .بە واتای ( ئەوان پاشان )

پاشان : هێز لە سەر ڤاولی بڕگەی یەکەمە .بە واتای ( دوایی )

کانی : هێز لە سەر ڤاولی بڕگەی کۆتایی یە .بە واتای ( سەرچاوە )

کانی : هێز لە سەر ڤاولی بڕگەی یەکەمە .بە واتای ( کوانێ )

## 5 – ئەلۆفـــــــــــــۆن Allophone :

لە هەر زمانێکدا دەنگەکان سنووریان نییە، ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین فۆنیم، چەند جارێك خۆی لە وشەکاندا دووبارە دەکاتەوە، بەڵام هەر جارەو بە جۆرێکی تایبەت گۆدەکرێ. دەشێ ئەم جۆرانە لە ڕووی بیستن و درکاندنەوە لەیەکتری نزیك نەبن، ئەو کات ئاخێوەرانی ئەم زمانە بە ئاسانی هەستی پێ دەکەن. بە نموونە فۆنیمی / ب / بە چەندین شێوە یا جۆری جیا لە وشەکانی وەك ( باڵ ، بیر ، باب ) گۆ دەکرێ. یان درکاندنی / س / لە وشەکانی ( ساڵ ، سەر ). بە مەش ئەو [ ب ]ی لە وشەی ( باڵ ) یەدا، جیاوازە لەو [ ب ]ی لە وشەی ( بیر ) دایەو وەك ئەوەش نییە کە لە کۆتایی وشەی ( باب )دا هاتووە. هۆکاری ئەم شێوە جیاجیایانەی فۆنیمیش بۆ ئەو ژینگەیە دەگەڕێتەوە کە دەنگەکانی تێکەوتوون، وەك [ ب ]ی وشەی ( باڵ )دا، بەهۆی ئەو / ڵ /ی کە لە دواییدا هاتووە، سیمای مەڵاشوویی پێبەخشراوە، وای لێ کردووە جیا بێت لەوەی کە لە وشەی ( بیر) دایە، کە [ ب ] ێکی ئاساییە، هەروەها جیایە لەوەی کە لە کۆتایی وشەی ( باب ) دایە، کە تەوژمی هەوای لە گەڵ دانییەو هیچ تەقینەوەیەك هەست پێ ناکرێت.

هەر چەندە ئەم شێوە جیایانەی فۆنیم لە ڕووی درکاندنەوە لە یەکتری جیاوازن، بەڵام لە ڕووی ئەرکەوە هەمان ئەرك دەبینن. بەمەش هەر یەکەیان لە شوێنی ئەویتریان دابنرێ لە هەر وشەیەکدا واتا ناگۆڕێ. چونکە ئەمانە هەندێ تایبەتمەندین، کە بەرپرس نین لە گۆڕینی واتا. واش دەبێ هۆکاری ئەم جیاوازییە جیاوازی تاکایەتی بێت، لە نێوان ئاخێوەرانی هەمان زمان، کە بەندە بە پێکهاتنی ڕشتەی ئاخاوتنەوە، کە لەوانەیە ئەندامانی ئاخاوتنیان وەك یەك نەڕسکابێ. هەروەها ڕەگەزی ئاخێوەریش هۆکارێکە بۆ دروست بوونی ئەم شێوە جیایانە وەك ئەوەی کە دەنگی پیاو یان ژن یان کچ یان منداڵ یان گەورە لە یەکتری جیاوازن لە ( گڕی ، ڕیقاوڵەیی ، ناسکی ) یان بارودۆخی ئاخاوتنی ( بەرز ، نزم ، خێرا ، لەسەرخۆ ....) یان شێوەی دیالێکتەکان بە نموونە لە شێوەزاری هەولێردا فۆنیمی/ ڵ / نادرکێنرێ، بەمەش یان بە [ ل ]ی دەگۆڕن یان بە [ ر ]. هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ دروست بوونی ئەم شێوەجیایانەی کە لای دەنگسازە ئەمریکاییەکان ( ئەلۆفۆن ) Allophone ی پێ دەوترێت. کەواتە **ئەلۆفۆن** ئەو کۆمەڵە دەنگەن کە فۆنیمێك دەیانگرێتە خۆیەوەو بە ئەندامێکی یان ئەلۆفۆنی ئەو فۆنیمە دادەنرێن , واش دەبێ کە ئەم جۆرانە لە ڕووی بیستنو درکاندنەوە ئەوەندە لە یەکتری نزیك دەبن بە جۆرێك ئاخێوەری زمانەکە بە ئاسانی لێکیان جیاناکەنەوە وەك گۆکردنی / ت / لە وشەکانی ( تەڕ ، تام ، تاڵ ) لەگەڵ ئەوەشدا کە لێك جیاوازن، بەڵام ئەوەندە لێك نزیکن بە جۆرێك هەست بە جیاوازیان ناکرێ. هەر ئەوەشە وا دەکات، کە زۆرترین دەنگ لە زمانەکاندا بە کاربێت و وامان لێ دەکات کە زنجیرەی قسەکردن شی بکەینەوە بۆ چەندین سیمای جیاجیا لە ڕووی واتای زمانییەوە.

### 6 – فۆنیـــم و ئەلۆفـــۆن .

قسە پێکەرانی هەر زمانێك زۆر بە ئاسانی دەتوانن جیاوازی لە نێوان فۆنیمەکان بەدی بکەن، بەڵام لەوانەیە ئاگاداری شێوە جیاکانی فۆنیم نەبن، کە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە" گۆڕانی فۆنیم گۆڕانی واتای لەگەڵدایە، لە کاتێکدا گۆڕانی دەنگ گۆڕانی واتای لەگەڵدا نییە" بەمەش گۆڕانی وا تا سەرنج ڕاکێشەو قسەپێکەرانی هەست بە جیاوازی فۆنیمەکان دە کەن، هەر وەك هەردوو فۆنیمی / ر / ، / ڕ / لە وشەکانی (برین ، بڕین) بە ئا شکرا هە ست بە جیاوازیان دە کەین. بەڵام ئەوا نەی لەبنچینەدا کورد نین ، بۆنموونە عەرە بەکان ئەم دوو فۆنیمە تێکەڵ دە کەن ولە شوێنی یەکتر بەکاریان دێنن ؛ لە بەر ئەوەی لە سیستەمی فۆنۆلۆجی ئەم زما نە شوێن گۆڕکێی ئەم دەنگا نە، نابنە هۆی گۆڕانی واتا. کەوا تە " لەسیستەمی فۆنۆلۆجی زمانێکی تایبە تدا نرخێك بە کۆمەڵێك دەنگی جیاواز دەدرێ، کە هەمان ئەو کۆمە ڵە دەنگە لە زمانی تردا ...نرخی تریان پێ دەبەخشرێ، جیا لەوەی پێشوو ". وەك لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە.

/ ر / ⟵ [ ر ] برین
{ زمانی کوردی }
/ ڕ / ⟵ [ ڕ ] بڕین
لە کوردیدا نرخیان جیاوازە

/ ر / ⟶ [ ر ] برد
{ زمانی عەرەبی }
/ ر / ⟶ [ ر~ ] حر
لە عەرەبیدا هەمان نرخیان هەیە

بە پێچەوانەوەش

/ س / ⟵ [ س ] سفر
{ زمانی عەرەبی }
/ **ص** / ⟵ [ ص ] صور**ة**
لە عەرەبیدا نرخیان جیاوازە

/ س / ⟶ [ س ] سەر
{ زمانی کوردی }
/ س / ⟶ [ س~ ] ساڵ
لە کوردیدا هەمان نرخیان هەیە

ئەگەر سەرنج بدەینە هەر لێکۆڵینەوەیەکی زمانی دەبینین کۆمەڵێك دە نگ لە ڕووی سیفەت و دەربڕین دا لە نێوان خۆیاندا جیاوازن. ئە مەو کاتێك لە ڕووی نو سینو وا تای فەرهەنگیەوە سەیر دەکرێن وەك ئەوە وایە کە یەك دە نگ بن، بۆ نموونە / ت / لە کورد یدا چەندین دەنگی تری لێ دەبێتەوە، تا ڕادەیەك لە سیفەتدا جیاوازن، وەك [ ت ] لە وشەی ( تیر1 )دا هە یە، جیاوازە وەك لەوەی لە ( تاڵ2 ) یا (هات3 )دا هەیە، بەوەی کە [ ت ] لە ( 2 )دا سیفەتێکی قەڵەوی تێدایە، کە لە ( 1 )دا نییە، وە ئەو تەوژمە هەوا یەی کە لە ( 2 )دا هە یە لە ( 1 ) و ( 3 ) دانیە، لە گەڵ

ئەوەشدا بە هەریەکێکیان دەوترێت ( ت ) هەمان هێماشیان بۆ دادەنرێت. ئەم دەنگە جیاوازانەش لە دركاندن دا بە ئەلۆفۆن Allophone ناودەبرێن. هەروەها درێژی و مامناوەندی و کورتی گۆکردنی دەنگەکان نابێتە هۆی جیاوازی دانەی دەنگی، بۆ نموونە / ا / لە ( شار ) دا کورت یا درێژ گۆبکرێت مانای وشەکە ناگۆڕێ ، ئەم دانە کورت و درێژانەش ئەلۆفۆنیان پێ دەوترێ.جگە لەمانەش هەر هەمان فۆنیم بە چەندین دەنگی تر دەردەکەوێت، بە هۆی ئەو شوێنەو دەوروبەرەی کە تێی کەوتووە، یان بە گوێرەی سروشتی ئەندامانی ئاخاوتنی تاك، یان باری دەروونی و ڕۆشنبیری و ... هتد، کەواتە " دەنگەکانی هەر زمانێك لە واقعدا هیچ سنورێکی نییە، ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین یان ناوی دەنێین یەك دەنگ، لەوانە یە چەند جارێك لە یەکێك لە وشەکان دووبارە بێتەوە، بەڵام هەموو جارێك بە یەك شێوە گۆ ناکرێت". محمد ئەمین هەورامی نموونە یەکی جوانی بۆ ئەلۆفۆنەکان هێناوەتەوە، کە دەیچوێنێ بە دنکەکانی هێشوەترێ و دەڵێ: " فۆنیم بە گشتی بریتیە لە هێشووە دەنگێك وەکو بڵێین هێشووە ترێیەك... کە قلەکانی وەك یەك نین، لە گەورەو بچوکیدا، لە ڕەنگ وتام دا، لە ژمارەی دەنکەکانیاندا، بەڵام هەر قلێك ترێ یە، وە قلەکانی بە تێکڕا یی هێشووە ترێ یەك دروست دەکەن، هەر قلێك لەو قلانە پێی دەوترێت ( ئەلۆفۆن allophone) وە بە هێشووەکە (وا تا هەموو قلەکان دەگوترێت) فۆنیم phoneme " ئەم ئەلۆفۆنانەش چەندین پەیوەندی و سیفەت لە نێوانیاندا هەیە، بە جۆرێك خزمەت بە سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانەکە دەکەن.

## 7 – پەیوەندی نێوان ئەلۆفۆنەکانی یەك فۆنیم :

پەیوەندی نێوان ئەلۆفۆنەکان یاخود ئەندامە جیاوازەکانی یەك فۆنیم، یان ئەوەتا ـ ئەندامی ـ دەبێ وەیان ـ دەنگی ـ بە واتایەکیتر یان دەبێ پەیوەندی بە سازگەوە هەبێ یان سیفەت، وەك پەیوەندی نێوان ئەو ( ت ) جیاوازانەی کە لە وشەکانی ( تاڵ )، ( تاك )دا هەیە، کە پەیوەندیەکی سیفەتە لەگەڵ جیاوازی لە سازگەوە، وە پەیوەندی نێوان ئەو دوو ( ب )ەی، کە لەکاتی ژێدار بوون و بێ ژێ بوون دروست دەبێ وەك

دەنگ [ ت~ ] تاڵ سازگە / پوکە مەلاشوو
بێ ژێ
/ فۆنیم ت /
دەنگ [ ت ] تاك سازگە / ددان
بێ ژێ

ئەم دوو دەنگە لە ڕووی سازگەوە , سازگەیان جیاوازە ، بەڵام هەمان سیفەتیان هەیە، کە هەردووکیان بێ ژێن, واتە پەیوەندی نێوانیان پەیوەندیەکی سیفەتە .

بیٚ ژیٚ بوون

چی بکەم ⟸ چ بکەم

[ ب ] [ پ ]

سازگە / لێو سازگە / لێو

ژێدار بیٚ ژیٚ

ئەم دوو دەنگە لە ڕووی سازگەوە هەمان سازگەیان هە یە، وا تە پەیوە ندی نێوانیان پەیوەند یەکی سازگەییە، بەڵام لە ڕووی سیفەتدا جیاوازن، کە یەکێکیان ژێدارەو ئەویتر بیٚ ژیٚ.

**<u>*هەروەها لە ڕووی هەست پێکردنیشەوە چەند جۆرێك لە ئەلۆفۆنەکان دەست نیشان دەکەین .</u>**

1ـ ئەو ئەلۆفۆنانەی کە زانا یان و شارەزایانی دەنگسازی، هە ستی پیٚ دە کەن و دە توانن دە ست نیشانی بکەن. بۆ نموونە وەك / ك /

ئاستی ژێرەوە / ك / فۆنیم

کێو [ $k_1$ ] فۆن — کار [ $k_2$ ] فۆن — کاك [ $k_3$ ] فۆن

ئاستی سەرەوە — ئەلۆفۆن

[ $k_1$ ] لەپێش ڤاوڵی ( یٚ ، ی ) دێت.

[ $k_2$ ] لە پێش ڤاوڵی ( ا ) دێت.

[ $k_3$ ] لە کۆتایی دێت، دەنگێکی سووکە و هەست پیٚ نەکراوە .

لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، ئەوەی لەنێوان فۆنیمو ئەلۆفۆنەکا نە زۆر ڕوو نە، کە فۆنیمەکان لە ئاستی ژێرەوە دان، چونکە ئەوەی دەدرکێنریٚ ئەلۆفۆنەکانە، کەئاستی سەرەوە پیشان دەدات.

2ـ ئەو ئەلۆفۆنانەی بەیارمەتی ئامێر[9]نەبیٚ دەست نیشان ناکرێن، جگە لەوەی کەدەبیٚ پسپۆڕی فۆنەتیك بەم جۆرە کارە هەڵبستیٚ. وەك ئەلۆفۆنەکانی هەر یەك لە ڤاوڵەکانی زمانی کوردی یان ئینگلیزی، وەك ئەمانەی خوارەوە.

[ i... ] زۆر درێژە ،هێزدارە لە کۆتایی وشە یا بڕگەدایە ———> وەك لە ( <u>کانی</u> ، <u>خانی</u> ،...هتد).

[ i .. ] درێژی هێزدارەلەناوەڕاستی وشەی یەك بڕگەیی دایە ———>وەك لە ( تیر ، بیر ،...هتد).

9ـ وەك ئامێری تۆمارکردنی لەرینەوەی دەنگ و ئامێری سیکتۆگراف.

[ i . ] نیوه درێژه له پێش( و ، س ، ژ ) دایه له برگەی بێ هێز( واته له بڕگەی یه کەمی و شەی دوو برگەیی دایه ) ـــــــ>وەك له ( نیوه ، کیسه ، قیژه ،...هتد).

[ iˇ ] کورته له پێش دوو کۆنسنانت ـــــــ> وەك له ( بیست ، ئیسفەنج ، قیست ...هتد).

[ i ] زۆر کورتەو بێ هێزه له پێش نیمچه کۆنسنانت ـــــــ> (چی‌یه، ماسی‌یەکە،...هتد ).

به هەمان شێوەدرێژی و کورتی گشت ڤاولەکانی وەك ( ێ , ه , ا , ... هتد ) به هەمان شێوه دیاری دەکرێت .

3ـ ئەو ئەلۆفۆنانەی که قسەکەرو بیسەری ئاسایی هەستی پێ دەکەن، وەك ( ڵ )ی قەڵەو و (ل) به دەنگی ( ر ) له زمانی کوردی شێوەی هەولێر ، یان ( س ) سووك و قەڵەو. هەر چەندە ئەم دووا نه دوو فۆنیمی جیاواز نین، بەڵام هەموو کوردێك هەست به بوون و جیاوازیان دە کات، بەڵام له زمانی کوردی / ر /، / ڵ / وه له زمانی عەرەبی / س / ، / ص / دە بن به دوو فۆنیمی جیاواز، چونکه هەموو تایبەتمەندیەکانی فۆنیمیان تێدایه.

زمانی عەرەبی:
/س/ ⟵ [س] سار
/ص/ ⟵ [ص] صار

زمانی کوردی هەولێر:
/ ڵ/ ⟵ [ڵ] تاڵ ، ماڵ
/ ڵ/ ⟵ [ر ] تار ، مار

## 8 – دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمان و زار و شێوەزاردا :

دەستنیشانکردنی فۆنیم لە هەر زمانێك یا دیالێکت و شێوەزارێکدا پرۆسەیەکی کارەکی مەیدانیە. کە تیایاندا بە دوای هەموو ئەو جووتە وشانەدا دەگەڕێین کە لە هەموو دەنگەکاندا وەك یەکن بەڵام لە تاکە دەنگێکی بەرامبەر یەك جیاواز بن و واتایان گۆڕیبێ . بەمەش شوێن گرتنەوەی فۆنیمێك لە جێگای یەکێکی تر دەبێتە هۆی ڕوودانی گۆڕان لەواتادا " بەمەش دەتوانین بەراوردی ئەنجامی شوێن گرتنەوەوی /ب/ و/پ/بکەین لەجووتە وشەی (( پار )) و (( بار )) دا ، کەدەبێتە هۆی گۆڕانی واتا ، بۆ ئەم مەبەستەش گەشتێ بەنێو فەرهەنگی وشەو زاراوەکانی زمانەکەدا دەکەین وبەدوای ئەو جووتە وشانەدا دەگەڕێین و بەراوردیان دەکەین .بەهەر جووتە وشەیەکیش لەمانە دەوترێت جووتۆکە Minimalpairs [10] وەك (بیر ، تیر ) (هار ، مار) (میر ، تیر ) ...هتد

بۆنمونە لەشێوە زاری هەلێردا جووتۆکەی (داو ، ڕاو) کەتیایدا هەردوو فۆنیمی (د،ڕ) لەهەمان ژینگەدا بوونەتە هۆی گۆڕانی واتای وشەکان . کەواتە (د،ڕ) دووفۆنیمی سەربەخۆن لەم شێوەزارەدا .هەروەها لە جووتە وشەی ( کەل ، کەر ) دابە هەمان شێوەی جووتە وشەکانی پێشتر (ل ، ر) دوو فۆنیمن بوونەتە هۆکاری جیاوازی واتایی ، لەم ڕوانگەیەوە (بەراوردکردنی جووتۆکە ) بەهۆی بەرامبەر کردنەوەیان ،دەتوانین گشت فۆنیمەکانی شێوەزاری هەولێر دەست نیشان بکەین وەك لە خشتەی ژمارە ( 1 ) دیارە.

**خشتەی ژمارەی فۆنیمەکانی شێوەزاری هەولێر**

| جوتۆکەکان | فۆنیمەکان | فۆنیمە تازەکان | ژمارە |
|---|---|---|---|
| کار , بار | ك , ب | ك , ب | 2 |
| حار , شار | ح , ش | ح ,م | 2 |
| خار , غار | خ , غ | خ , غ | 2 |
| کوڕ , قوڕ | ~~ك~~ , ق | ق | 1 |
| باعە , باڕە | ع , ڕ | ع , ڕ | 2 |

خشتەی ژمارە ( 1 )

---

10ـ جووتۆکەminimalpair / دوو وشەلە ژمارەی دەنگەکان و بە پێی ریزبەندی هەموو دەنگەکان وەکو یەکن لە تاکە فۆنیمێکی بەرامبەر یەك نەبێ کە جیاوازن, ئەمەش جیاوازی واتایی لە نێوانیاندا دروست دەبێت وەك ( گەور، جەور ). وریا عمر ئەمین جگە لە جووتۆکە (سێتۆکە)ش دیاری دەکات ،کە بریتیە لە کۆمەڵێك جووتۆکە سێتۆکەیەك پێکدێنن وەەك ( مار ، بار ، شار ، دار ، هار ، کار ،....هتد ) .

بەم شێوەیە دەتوانین چەندین جووتۆکەی تربهێنینەوە، بەڵام هیچ فۆنیمێکی تازەمان بۆ دەستنیشان ناکرێ.

ئەگەر سەرنج بدەینە هەندێ لەو فۆنیمانەی کە لەمەوپێش دەستنیشانمان کردن ، وەك ( ع ، غ ، ح ) دەبینین بونێکی ڕەسەنیان نییە لە زمانی کوردیدا، چونکە زۆربەی ئەو وشانەی ئەم فۆنیمانەیان تێدایە لەفەرهەنگی زمانەکەدا ڕەسەن نین ، بەتایبەتی ناوە تایبەتیەکان بۆ نمونە (علی ، غەیبەت ، حەسەن ، .....هتد ) " ئەمەش پتر دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵ بوونی زمانی کوردی کەلە خێزانی زمانەکانی هیندۆ ئۆروپیە ، لەگەڵ عەرەبی، کەلەخێزانی زمانە سامیەکانە" کەزیاتر لەڕێگای بڵاوبونەوەی ئاینی ئیسلامەوە پەرپوەتەوە ناو زمانی کوردی ، لەبەرئەوەی " ئەم دەنگانە لەگەڵ سازگەی قوڕگی مرۆڤی کوردی ناگونجێ "بەمەش ڕێژەیەکی کەمی ئەو وشانەی کەئەم فۆنیمەیان تێدایە وەك (عەبا، لەعل، باعە) ناگۆڕێن ئەگینا یا لائەبرێن وەیاخود لەگەڵ فۆنۆلۆجی زمانەکە دەیگونجێنن وەك :

معروف ⟵ مارف

غەیبەت ⟵ خەیبەت

ولاغ ⟵ وراخ

غونچە ⟵ خونچە

جگە لەم فۆنیمانە د. عبدالله حسین (وو) یش خستۆتە نێو ئەو فۆنیمانەی کەڕەسەنی کوردی نین ,کەچی پێویستە بەفۆنیمی ڕەسەنی کوردی دابنرێ هەروەك خۆشی لەپەراوێزی هەمان سەرچاوە ئاماژەی بەجیاکردنەوەی دوو وشەی (کووڕ) و (کوڕ) کردووە.

جگە لەمانەش (ڤ) یش فۆنیمێکی ترە لەم شێوەزارە ، کەلەلایەن ئەم شێوەزارەو گشت شێوەزارەکانی تری دیالێکتی ناوەڕاست ، بەناڕەسەن دادەنرێن ، کە ئەویش بۆ دیالێکتی ژوروو دەگەڕێتەوە . ئەویش زیاتر لەو وشانە دەردەکەوێت کە لە دەنگە سروشتیەکانەوە وەرگێراون وەك (گڤە گڤ) وەیا ناوەتایبەتییەکان کە لە زۆربەی شێوەزارەکانی دیالێکتی ناوەڕاستدا بڵاوە وەك :

ئەڤین ⟵ ئەوین

تاڤگە ⟵ تاوگە

شڤان ⟵ شوان

ڤیان ⟵ ویستن

یان گۆڕانە فۆنەتیکییەکان دەیهێنێتە ناوەوە وەك زۆر جار (ف) دەبێتە (ڤ) وەك لەم وشانە :

حەفدە ← هەڤدە

تەلەفزیۆن← تەلەڤزیۆن

کەیف ← کەیڤ

لەلایەکی تر هەرچەندە (ڵ) فۆنیمێکە لە فۆنیمەکانی زمانی کوردی ، بەڵام " لەم شێوەزارەدا گۆناکرێت و تەنانەت لەئەنجامی کارتێکردنی شێوەزارەکانی تریش جێگای نەبۆتەوە"لەجێگای ئەم فۆنیمە فۆنیمێکی تر دانراون لەم شێوەزارەدا . ئەوانیش/ ل/ و / ر/ سووکن ، .وەك لەم نموونانەدا:

ڵ ← ڕ

دڵ ←در

بێڵ ← بێر

ئاڵا ← ئارا

کوڵا ← کوری

قەڵەم ← قەرەم ...... هتد

غەڵەت ← غەرەت

ڵ ← ل

هەڵمەت ← هەلمەت

غەڵەت ← غەلەت

پەڵە ←پەلە هەور

## دانەی دووەمی فۆنۆلۆجی

## دووەم: بـــڕگە Syllable :

بڕگەش وەك دوا دانەی ڕوونی ئاستی فۆنۆلۆجی، دیاردەیەکی باوی زمانەکانی جیهانە، هەروەك " منداڵ لە تەمەنی پێش کۆتایی ساڵی یەکەمی، یەکەم جار لەو مۆرفیمانەوە دە ست پ ێدەکات کە بڕگەیەك دەنوێنێت ". شێرکۆ بابان بە دەردوو ناوی دەبات و دەڵێ : " دەردووی منداڵ کات ێك کە دەنگێکی کۆنسنانتو دەنگێکی‌تر ڕیز دە کات وەك ( دا ، با ، ما ) لە ج یاتی ( دا یەو ، با بەو ، مامەو ...هتد ) "، بەمەش دەردەکەوێ، کە بڕگە کۆنترین دانەی زمانە

بڕگە " لە جووت بوونی دەنگی ڤاوڵ و کۆنسنانت، پەیدا دەبێ ". واتا کۆ نسنانت و ڤاو ڵەکانی هەر زمانێك بەیەکەوە دانەی گەورەتر لە خۆیان دروست دەکەن کە بە **بڕگە Syllable** ناودەبرێ.

ستێنسن پێی وایە کە," دەن گەکان بوونی سەربەخۆیان نی یە لە گوتن دا". چونکە " مرۆڤ کاتێك ق سەدەکات، دەن گەکان بە سەر تا کە دەنگـــــــەکانی ئا خاوتن‌دا دا بەش نا کات، بەڵکو بەسەر بڕگەدا دابەش دەکات . ڕا ستی ئە مەش لە خوێ ندنی نوێ‌دا دەردە کەوێت، کات ێك م ندالْ فێری خوێندنەوە دەکرێ، سەرەتا بە فێرکرد نی خوێند نەوەی بڕ گەیی دە ست پێ دە کات، نەك فێرکردنی پیتی، کە پێشتر باو بوو.

## 1/ بڕگە وەك زاراوە:

بڕگە وەك زاراوە لە زمانەکاندا بە چەندین شێوە هاتووە وەك ( Syllable ) لە ئینگل یزی‌دا، ( المق طع ) لە عەرەبی‌دا ، هەروەها هیجا شی پێ وو تراوە. لە تورکیش‌دا هەمان زاراوەی ( Hece )ی بۆ بەکاردێ، لە کوردیشدا چەندین زاراوەی بۆ بەکار هاتووە، وەك ( هی جا ، کەر تە ، کارت ، پارچە، کەر، مقطع ، بڕگە )، کە باوترینیان کە تا ئێستاش بە کاری دێنن بڕگەیە.

## 2/ پێناسەی بڕگە :

لە کوردی و زمانەکانی تریش‌دا بڕگە، بە پێی بنەماکانی تیۆری بڕگە چەندین پێناسەی بۆ کراوە، وەك " بڕگە بریتیە لە دەنگێك یاخود پتر لە دەنگێك کە بەیەك تەکانی هەوای دەر باز بوو لە دەم تلفظ کرابێت ".

یا " بڕ گە برتی یە لەو کۆمە ڵە دەن گەی کە بە یەك تەوژم ( جار ) لە دە مەوە دەردە چێت "

هەروەها "ژمارەیەك دەنگە کە مرۆڤ لە توانای دایە لە یەکێك لە دەفعەکانی هەناسە دەری ب کات ".

هەروەها " بریتییە لەو دەنگانەی لە دەمەوە بە نەفەسێك دەردەچن ".

هەروەها " بڕگە ئەو لەفزەیە لە دەنگێك وە یا چەند دەنگێك پێكهاتووە كە پێكرا گۆ دە كرێن ".وە د. محمد معروف لە ڕووی دەركەوتوویی دەنگێكیان بۆی دە چێت و دە ڵێ: " بریتییە لە كۆمەڵە دەنگێك كە یەكێكیان لە هەموو ئەوانیتر دەركەوتووتر بێت ".

## 3/ ئاراستەكانی بڕگە :

دوو ئاڕاستەی سەرەكی بۆ لێكۆلینەوەو پێناسەكردنی بڕگە لە ئارادان، ئەوانیش بریتین لە.
( **ئاڕاستەی فۆنەتیكی - ئاڕاستەی فۆنۆلۆجی** )لە خوارەوە هەریەكەیان بە جیا باس دەكەین.

### أ/ ئاڕاستەی فۆنەتیكی :

ئەم ئاڕاستەیە هەموو زمانەكانی تێدا كۆدەبێتەوە؛ ئەو بارا نەی بڕگەی تیادا باسدە كرێ كە پەیوە ندی بە هەموو زمانێكەوە هە یە، نەك زمانێكی دیاری كراو، كە لە ڕووی میكانیزمی و فسیۆلۆجیەتی هەنا سە وەرگرتن و چۆنیەتی كاركردنی ئە ندامانی ئا خاوتن دەڕوانێتە بڕگە. لەم ڕووەوە دوو تیۆری بڕگە جیادەكرێتەوە .

### ب / ئاڕاستەی فۆنۆلۆجی ( ئەركی ) : Phonological

لە ڕووی ئەركەوە بڕگە بە پێچەوانەی ئاڕاستەی فۆنەتیكی یە، پێوەرێكە تایبە تە بە زمانێكی دیاریكراو ، سنوری بڕگە دیاریدەكرێت .

هەرچی بڕگەی فۆنۆلۆجیشە پەیوەستە بە تاكە زمانێكی دیاریكراو یا چەند زمانێكی نزیك یەك ؛ كە تیایدا دەنگەكانی زمانێكی تایبەت لێكدەدرێن بۆ پێكهێنانی بڕگە . چونكە پێكهاتەی بڕگەی هەر زمانێك جیاوازە لەویتر و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەوەی" لە هەموو زمانێكدا بزوێن ناوكی بڕگە پێكدەهێنێ، لەگەڵ ئەم بزوێنەدا دەشێ چەند فۆنیمێكی كپ ( بێ ژێ ) دەركەوێ، ژمارەی ئەو كپانەو سروشتی ڕیزبوون و دەركەوتنیان پێكەوە لە زمانەكاندا جیاوازن ".بەمەش هەر زمانێك یان چەند زمانێكی لێكچوو و خزم، پێناسەی تایبەتی خۆیان دەبێت بۆ بڕگە فۆنۆلۆجیەكانیان.

لە زمانێكی دیاری كراودا بە دوایەكدا هاتنی كۆنسنانتەكان و ڤاوڵەكان، وەك وا باوە ڤاوڵ بە لووتكەی بڕگە دادەنرێ و كۆنسنانتەكانیش چواردەوری دە گرن. لە ڕووی فۆنۆلۆجی یەوەش هەر زمانێك یاسای تایبەتی خۆی هەیە بۆ كۆبوونەوەی یەكە دەنگیەكان لە بڕگەدا، لەوانەیە ئەو كۆمەڵە دەنگەی كە لە زمانێكدا بە بڕگەیەك دادەنرێت، لە زمانێكی تر دوو بڕگە بێت. بە مەش پێنا سەی بڕگە لە زمانێكەوە بۆ زمانێكیتر جیاواز دەبێت، هەروەك " بڕگە : یەكەیەكە یەك ڤاوڵی تێدایە، یان بەتەنها یان لەگەڵ ژمارەیەكی دیاریكراو لە كۆنسنانت بە پێی سیستەمی دیاری كراو". وەك لە

زمانی ئینگلیزی‌دا لەوانەیە سێ کۆنسنانت لە پێش هاتبێ و چوار کۆنسنانت لە دوا هاتبێ، وەك لە وشەی Sprawling، یان دەبێ ڤاولێك بێت بەتەنها، وەك لە وشەی about.

لەم ڕووەوە عبدالصبورشاهین پێناسەی دەکات و دەڵێ:" بڕگە تێکەڵێکە لە کۆنسنانت و ڤاولێ، کە لە دامەزرا ندنی بنیادە کەی، لە گەڵ ڕێ بازی زمان دە گونجێ و پـ شت بە ڕیتـ می هەنا سەدان دەبە ستێ" وە هەروەها " یەکە یەکی دەنـ گی یە بە کۆ سنانت دە ست پێ دە کات و ڤاوڵی بەدوادادێت، وەپێش یەکەم ئەم کۆنسنانتە کۆتایی دێت کە ڤاولێکی بە دواوەیە".

## بەشەکانی قاڵبی بڕگە :

قاڵبی بڕگە لە زمانی کوردی‌دا لەسێ بەشی سەرەکی پێك‌دێت ( پێش ، لووتکە ، پاش )، کە لە ئینگلیزی سێ زاراوەی تری بۆ دانراوە Onset بە واتای پێش، وەNucleus بە واتای لووتـکە یا ( ناوك ) ، وە Coda بە واتای هاتوون. لە کوردی دا لووتکە تەنها ڤاوڵەکان دەگرێتەوە، پێش و پاشیش هەموو کۆنسنانتەکان دەگرێتەوە، لە بەر ئەمەش بڕگە بەپێی ڤاولێ دەردە کەوێ و بە مەش پێویستی بوونی ڤاولێك بە پێی سیستەمی پێکهاتنی هەر زمانێك مەرجە بۆ پێکـ هاتنی بڕ گە. بەڵام جۆرەکانی بڕگە لە زمانێـ کەوە بۆ زمانێکی تر جـ یاوازە، بۆ ئە مەش شارەزایان چەندین جۆری بڕگەیان لە زمانەجیاوازەکان دیاریکردووەو وەك بڕگەی پێکهاتوو لە یەك ڤاولێ و لە ڤاولێك زیاتر، وە بڕگەی پێکهاتوو لە کۆنسنانتێك، کە ئەمانە هیچیان لە زمانی کوردی دا نین ؛ چونکە زمانی کوردی ڕێ نادات لە بڕگەیەك دا دوو ڤاولێ لە تەك یەکدا بێن، هەروەها ڕێـ گاش نادات کۆنـ سنانتێك شوێنی لووتکەی بڕگە بگرێت. بەڵام دەشێ بڕگە لە زمانی کوردی دا بە تەنها لووتکە یەك بـ ێت، کاتـ ێك لە ڕووی فۆنۆلۆجیەوە پێش و پاشی نەبێت، وەك لە وشەی وەڵامی ؛ بەڵێ ؛( ئا) یان( ئێ ) یان وشەی ( ئۆ )، یاخود لە زۆربەی ئەو وشانەی کە بڕگەی یەکەمیان بەم بڕگا نە دە ست پێ دە کات، وا تا دەشێ بڕگە لە زمانی کوردیدا بە ڤاولێ دەست پێ بکات وەك لەم وشانەدا .

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاگر | Ăgır | ØvØ / cvc | |
| ئۆخەی | Oxay | ØvØ / cvc | (1) |
| ئاخر | Ăxır | ØvØ / cvc | |

هەروەها دەشێ بڕگە لە پێش و لووتکە پێکهاتبێ و پێشەکەی دیار نەبێ وەك لەم وشانەدا.

| | | | |
|---|---|---|---|
| بۆ | Bo | cvØ | |
| تۆ | To | cvØ | (2) |
| با | Bă | cvØ | |


دەشێ برِگە لە ڕووی فۆنۆلۆجیەوە بەشی پێشەوەی نەبێ و تەنها لە لووتکە و کۆ تا پیێکهاتبێ وەك لەم وشانەدا .

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاو | Ăw | Øvc | |
| ئۆی | Oy | Øvc | (3) |
| ئای | Ăy | Øvc | |

بەڵام لە ڕووی فۆنەتیکەوە برِگە لە زمانی کوردی دا هەر بە کۆنسنانت دەست پێ دە کات. واش دەبێت برِگە لە زمانی کوردیدا هەر سێ بەشەکەی تێدا بێت وەك لەم نموونانەدا.

| | | | |
|---|---|---|---|
| بار | Băr | cvc | |
| بیر | Bir | cvc | (4) |
| دڵ | Dıl | cvc | |

دەتوانین گشت ئەم نموونانەی سەرەوە لەم هێلکاریەی خوارەوە کۆبکەینەوە، بەم شێوەیە.




| | پێش ( Onset ) | لووتکە ( Nucleus ) | پاش ( Coda ) |
|---|---|---|---|
| 1- | ø | v | ø |
| 2- | c | v | ø |
| 3- | c | v | ø |
| 4- | c | v | c |

کەواتە لەم نموونانە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە یەکێك لە سیماکانی برِگەی فۆنۆلۆجی کوردی ئەوەیە کە مەرجە لووتکەی برِگە دە بێ ڤاوڵ بێت، بە دەگمەن وادە بێ دوو ڤاوڵ لە برِگە یەکدا کۆببەوە، ئەویش لە زاری سلێمانیدا لە کاتی کەوتنی فۆنیمی/ د/ , ئەگینا لە هیچ شێوازێکی تری کوردی برِگە بە هاتنی دوو ڤاوڵ ( هێشوە ڤاوڵ ) نادرێ لە برِگەیەکدا یا لە وشەیەکدا لە تەك یەك بێن. بەڵام هێشوە کۆنسنانتەکان لە هەردوو دیوی لووتکە بە شێوەیەکی بەرچاو لە زمانەکەدا هەست پێ دەکرێ و دەبینرێ، واتە وەکو زۆربەی زمانەکانی جیهان لە زمانی کوردیدا هێشوە کۆنسنانت لە پێشەوەو پاشەوە دەوری هەیە لە ڕۆنانی برِگەدا.وەك :

| | | |
|---|---|---|
| خوارد | Xwărd | ccvcc |
| بوارد | Bwărd | ccvcc |

هەموو زمانەکان بەرەو وەرگرتنی شێوەی برگەی تایبەت دە چن، کە زۆر جار پێیان دەوترێت ،نموونەی پە سەند؛ Canonical form، لە کورد یدا زۆر بەی ئەو برگا نەی کە بە کۆنسنانت کۆتاییان هاتووە لە کاتی لێکخشانی لە برگە یەکی تر، ئەوا دوا کۆنسنانتی برگەی یە کەم دەبێ تە بە شێك یاخود کۆنسنانتی سەرەتای برگەی دووەم. وەك لە و شەی ( دەڕۆم ) لە کاتێ کدا کە پاشگری دووپات کردنەوەی ( ەوە )ی بێتە سەر .

دەڕۆم

Darom → Da / rom
cv / cvc

دەڕۆم + ەوە = دەرۆمەوە

Daromawa → Da / ro / ma / wa
cv / cv / cv / cv

## 4/ قالبەکانی بڕگەی فۆنۆلۆجی کوردی :

| | | |
|---|---|---|
| 1- خوارد , بوارد | ccvcc | Xwărd |
| 2- کورد , مرد , کرد | øcvcc | Mırd , Kurd |
| 3- برین , خوار , مراز | ccvcø | Brin , Xwăr |
| 4- ئارد , ئاست | øøvcc | Ăst , Ărd |
| 5- برا , برۆ , جیا | ccvøø | Bro , Gyă , Bră |
| 6- شیر , میر , دار , دڵ | øcvcø | DıĽ , Mir |
| 7- ئۆف , ئۆی , ئەو | øøvcø | Aw , Of |
| 8- با , تۆ , ب/خۆ , | øcvøø | Ba , Bı xo , To |
| 9- ئا , ئێ | øøvøø | E , Ă |

## 5/ هێشووە کۆنسنانتەکان لە زمانی کوردیدا . Consonant Clusters:

ئەگەر مەرج بێت لوتکەی برگە تاکە دەنگێك بێت ، ئەوا لە زمانی کورد یدا ئەو مەرجە لە بە شی سەرەتا و کۆ تای بڕ گەدا نی یە ، چونکە لەوانە یە تا کە دەنگ ێك ب ێت وەك ( بار bar ) cvc لەوانەشە هێشووە دەنگێك بێت و بکەوێتە سەرەتا وەك ( برا Brǎ) ccv لەوانەشە بکەوێ تە کۆ تا وەك ( کەوت – kawt) cvcc لەوانەشە ئەم هێشووە بکەوێتە سەرەتا و کۆتایی برگەیەك وە لە وشەی ( خوارد Xwǎrd ) ccvcc .

کەواتە هێشووە کۆنسنانت :" بریتی یە لە بەدواییە کداهاتنی دوو کۆنسنانت وە یا زیاتر ( لە دوو زیاتر لە کوردیدا نییە ) لە پێش ڤاولی برگە یان لە دوای ڤاولی برگە , بێ ئەوەی ڤاولیان لە نێوا ندا بێت" .

لە زمانی کوردیدا هیچ هێشووێك نابینرێ کە لە دوو فۆنیم زیاتر بێ و بکەوێتە پێش ڤاولی لوتکەوە ، و هێشووی زیاتریش لە دوو فۆنیم ناکەونە کۆتایی هیچ برگەیەك ، هەر زما نەو یا سای فۆنۆلۆجی تایبەت بە خۆی هەیە ، بۆ ڕێکەوتنی ئەم فۆنیما نە و شوێنی دەرکەوتنی هێشووەکان ، هەروەك ڕێکەوتنی فۆنیمەکانی زمانی کوردی لە خۆوە نی یە ، بەڵکو پەیڕەوێکی مەرجدار هە یە کە تیا یدا فۆنیمەکان ، بە دوای یەکەوە ڕیز دەبەستن . بۆ ئەمەش دوو جۆر هێشوو لە زمانە کە دەبی نرێن . (هێشووە کۆنسنانتی سەرەتا و هێشووە کۆنسنانتی کۆتایی) .

## أ/ هێشووەکۆنسنانتەکانی سەرەتا . Initial Clusters

هەوەك ئاشکرایە کە دوو پیتی ڤاولێ یا زیاتر هەرگیز لەتەك یەکترەوە نا یەن ، بەڵام دوو کۆنسنانت یا زیاتر زۆر ئاسایی ڕێی تێدەچێ کە بکەونە پاڵ یەکتری لە برگەیەکدا ، بێ ئەوەی ڤاولێك بکەوێ تە نێوانیان ، جا ئەو کەوتنە پاڵ یەکتریە چ لە سەرەتا بێ یا لە کۆتا .

لە زمانی کوردیدا چەندین نموونەی لەم جۆرەمان هەیە کە دوو فۆنیم لەگەڵ یەکتری گو نجاون و لە سەرەتای برگە بە پێی یاسای فۆنۆلۆجی زمانەکە کەوتونەتە پاڵ یەکتری ، کەواتە ئەو کەوتنە پاڵ یەکی یە ئارەزوو نی یە ، بەڵکو پەیڕەوێکی مەرجداری هە یە ، لە ڕ یز و ڕە گەزەکانی هێشووی سەرەتای ئەم زمانە ، هەروەك زۆربەی برگە و وشەی ئەم زمانە دەتوانرێ بە گشت کۆنسنانتەکان دەست پێ بکات ، جگە لە ( ر ) نەبێ ، چونکە " کورد هیچ کاتێك دەم بە (ر) ی لاواز ناکاتەوە " وەکاتێك کە دوو کۆنسنانت لە سەرەتای برگە بکەونە پاڵ یەکتری هەموو کۆنسنانتەکان ناگرێتەوە ، بەڵکو سنووردارە ، لەم زما نەدا هێشووی سەرەتا بلاّو تر نی یە لە هی کۆ تا ، هێشووە سەرەتاکانیش دوو جۆرن یان پەسەند یان ناپەسەند .

**پەسەند** : ئەو هێشووانەن کە لە کەوتنەپاڵ یەکی دوو کۆنسنانتی ڕەسەن پێکهاتوون .

**ناپەسەند** : ئەو هێشووانەن کە کۆنسنانتی یەکەمیان ڕەسەنە و کۆنسنانتی دووەمیان ناڕەسەنە ، واتا نیمچە کۆنسنانتە ( و w , ی y ) . کە ئەمەش لە هێشووی سەرەتادا زۆر بەرچاو دە کەوێ بەڵام لە هێ شووی کۆ تا بەر چاو نا کەوێ . هەروەك هێ شووی سەتای ناپە سەندیش هە یە کە کۆنسنانتی یەکەمی ناڕەسەنە و دووەمیان ڕەسەنە وەك وشی wŝi ) کە هێشووەکە پێك هاتووە لە ( w نیمچە کۆنسنانت + ŝ کۆنسنانت ) .

هەندێ نموونە :

ب + ر ⟵ برا ، خرا – / brǎ ,xrǎ / شتەکە خرا ، شتەکە برا

پ + ی ⟵ پیاسە ، پیاو – / pyǎ:sa , pyǎw /

ب + و ⟵ بوار / bwǎr /

ت + و ⟵ توانج ، / twǎnj /

ت + ی ⟵ تیارە – / tyǎ:ra /

د + و ⟵ دوا – / dwǎ /

د + ی ⟵ دیارە ، دیو ، دیار – / dyǎ:ra , dyu , dyǎr /

ك + و ⟵ کوارگ ، قەس کوان ، کوێر / kuǎ:rıg , qas:kwǎn , kwer /

گ + و ⟵ گوان ، گوارە / gwǎn, gwǎ:ra /

## ب/ هێشووە کۆنسنانتەکانی کۆتا . Final clusters

هێشووە کۆنسنانتەکانی کۆ تا لە زمانی کورد یدا لە هێ شووە کۆنسنانتی سەرەتا بلاّو ترە ، کە بریتییە لە بە دواییەکداهاتنی دوو کۆنسنانت بێ مەرج لە دوای ڤاوڵی برگە .

چەند نموونەیەك :

پ + ر ⟵ کەپر / kapr /

ت + ر ⟵ مەتر / matr /

د + ر ⟵ ، قەدر / qadr /

ك + ر ⟵ شەکر ، مەکر / šakr , matr /

س + پ ⟵ قیست / qist /

س + ت ⟵ ئاست ، دەست ، پەست ، مست / ǎst , dast , past , mıst /

س + ك ⟵ بسك + زراسك / bısk , zrǎsk /

ش + ت ⟵ حەشت ، دەشت ، قشت ، مشت ، ڕشت ،. / ħašt , dašt ,qıšt , mıšt , řıšt /

و + چ ⟵ قەوچ / qawc /

## 6 / سیماکانی بڕگەی فۆنۆلۆجی کوردی :

1– بڕگە لە زمانی کوردی بۆی هەیە بە ڤاولْ دەست پیْ بکات ، چونکە ( هەمزە ) Glottal stop لەو دەربڕینانەی ، کە لە سەرەتا دێت ، یارمەتیدەرێکەو زیاتر نیە ، بەڵگە بۆ ئەمە ، لە بڕگەی فۆنۆلۆجی دا بەیەك وێنە هێما دەکریْ ، هەروەها لە زمانی کوردیشدا بە فۆنیم دانانریْ . لە بڕگەی فۆنۆلۆجی هێما تەنها بۆ فۆنیمەکان دادەنریْ . ئەگەر مەبەستیش لایەنی فۆنەتیکی بێت ، ئەوا بڕگە هەردەم بە کۆنسنانت دەست پیْ دەکات ، بەڵام زۆری تر هەن کە لە ڕووی فۆنەتیکەوە بوونیان هەیە کەچی لە لایەنی فۆنۆلۆجیەکەدا باسیان نی یە[21] .

2– لوتکە یا ناوکی بڕگە هەردەم ڤاوڵە ، بڕگەش بە بیْ ڤاولْ دروست نابیْ ، ژمارەی بڕگەکانی وشەیەك یا ڕستەیەك بە پێی ژمارەی ڤاوڵەکانیا نە . واتە ژمارەی بڕگەکان یەکسانە بە ژمارەی ڤاوڵەکان .

3– مەرج نیە تاکە کۆنسنانتێك لە سەرەتای برگەوە بێت ، بەڵکو فۆنۆتاکتیکی زمانە کە ڕێگا بە هاتنی دوو کۆنسنانت و زیاتر دەدات ، لە سەرەتای بڕگە دەرکەون . بەڵام هەندێکیان مەرج دارن بەوەی کە دەبیْ ڕەگەزی دووەمی هێشووی سەرەتا نیمچە کۆنسنانت بێت .

4– لەدوای لوتکەی بڕگە ( ڤاولْ ) بۆی هەیە دوو کۆنسنانت بە شێوەیەکی ئاسایی ڕیز ببن .

5– بۆی هەیە onset ی بڕگە دەرنەکەوێت یان بڕوات ، ئەویش کاتێك بە ڤاولْ دەست پێدەکات . وەك v ، vc ، vcc کە جۆری v لە ئینگلیزی دا پێی دەگوترێت ( بچوکترین بڕگە – minimal syllable ) وەك ئا / ă: / لە کوردیدا .

6– لە بڕگەی فۆنۆلۆجی ، زۆرجار کۆنسنانتی قوفل ( coda ) دەرنا کەویْ بەم پێیەش بڕگە کراوە دەبێت .

7– بە گشتی درێژترین بڕگە لە زمانی کوردیدا ، پێکهاتووە لە ڤاوڵێك و چوار کۆنسنانت کە هێشووە کۆنسنانتێکی دوویی لە سەرەتاو هێشووە کۆنسنانتێکی دوویش لە کۆتایی بڕگەدا دێت .وەك لە وشەی ( خوارد Xwărd ccvcc )

8– بەگشتی لە زمانی کوردیدا ڕێگا بە هێشووە کۆنسنانتی دوویی زیاتر نادرێت کە ئەم لاو ئەم لای لووتکە بهێنن .

9– لە زۆر باردا ئەگەر دوو کۆنسانت لە سەرەتادا بێت ، مەرجە یەکێکیان نیمچە ڤاولْ دێت . وەك ( چیا ، ژیان ، جوان ...هتد jwăn و Žyăn و cyă ) .

---

21ـ مەبەست ئەوەیە کە لە ڕووی فۆنەتیکەوە هەندیْ جار بڕگە بەرگویْ دەکەویْ ، کە لە تاکە کۆنسنانتێك پێکهاتووە وەك ( م ) جۆرە دەنگێکە نیشانەی رازی بوونە وەیا ( ش ) بۆ بێدەنگی ، کەچی دەبینین لە ڕووی فۆنۆلۆجیەوە حسابیان بۆ ناکریْ ، ئەگەر ئەمانە بە فۆنیم دانرابان ئەوا دەکرا بڵێین ( هەمزە ) یش فۆنیمە .

10– بە هیچ جۆرێك نیمچە ڤاوڵ دەوری ڤاوڵ نابینن ، ئە مەش ئەو ڕا ستی یە ڕوون دەکا تەوە ، کەوا ناتوانن ببنە ناوکی بڕگە ، بەڵام دەتوانن ببنە پەڕاوێزی بڕگە ، وەك لە بڕگەکانی ( یار ، وار ، وەش – waš , yăr, wăr ) ئەمانەش ئەو بڕگانەن کە بە نیمچە ڤاوڵ دەست پێدەکەن .

11– پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ، کە فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی لە ڕۆنانی بڕگەدا ڕێگە نادرێت هەموو کۆنسنانتەکان بە بێ جیاوازی بکەونە پاڵ یەکتری ، لە لایەکی تریش کۆنسنانتەکان لە گەڵ ڤاو ڵەکان دە بێ بە پ ێی یا سای دار شتنی بڕ گەی زمانە کە ب ێت و لە پێکها تەی زمانە کەدا بەکارهێنانیان هەبێت .

12– ئەگەر مەرج بێ کە لوتکە تاکە دەنگێك بێ ، ئەوا ئەو مەر جە لە بە شی سەرەتاو کۆ تایی بڕگەدا نییە ، بەمەش لەوانەیە تاکە دەنگێك بێ یا هێشووە دەنگ ێك بێ sound cluster ، لەم بارەوەش زمانەکان لێك جیاوازن بۆ نموونە لە زمانی کورد یدا دوو کۆنسنانت لە سەرەتا و دوو لە کۆتا دێت

## 7/ جۆرەکانی بڕگە:

زمانەکان ئەو بڕگانەی کە بە کاریان دێنن جیاوازن، جا چ لە نموونەی بڕگەکان یان لە جۆری ئەو کۆنسنانتانەی کە لە هەردوولاکانی دەنگەبڕگەییەکان Syllabic دێن.

لەوانەیە پەسەندترین و باوترین نموونەی بڕگە لە جۆری CV ب ێت، تەنا نەت هە ندێ ز مانی وەك یابانی، سلاڤی کۆن وهەندێ لەزمانەکانی ئەمریکاو ئەفریقیا تەنها ئەم نموونەیە بەکار د ێنن . لەپاڵ ئەمەش چەندین جۆریتری بڕگە بەر چاو دەکەوێت. وەك:

ـ دەشێ بڕگە لە جۆری ØvØ بێت، ئەمە لە کوردیدا بەر چاو دەکەوێت، وەك لە بڕگەی سەرەتای وشەی ( ئاگر ) وەیا لە وەڵامی بەڵێ ( ئا )دا.

ئاگر = Ă / gr

ئا = Ă

زانا یان چەندین جۆری تری بڕ گەیان دەستنیشان کرد، کە هەموویان لە تا کە زماذ ێك دا کۆنابنەوە، بەڵکو هەر زماذ ێك بە پ ێی یا ساکانی بڕ گەی فۆنۆ لۆجی ئەو زما نە لەم شێوازانە وەردەگرێت ( v، vc ، cccv ، ccv ، cv cccvcccc ، cccvcc ، ccvcc ، cvcc ، vcc، cccvc ، ccvc ، cvc ) بۆ ئە مەش چەندین زاراوە بۆ ئەم بڕگا نە دا نراوە، بە پ ێی شوێنی کۆنسنانتەکان و ڤاوڵەکان لە کۆتاییەکانی بڕگەو درێژی و کورتیان چەند جۆرێکیان لێك جیا کردۆتەوە، وەك :

أ ـ بڕگەی کراوەو داخراو .

ب ـ بڕگەی کورت و درێژ .

## أ / بڕگەی کراوەو داخراو :

ئەم جۆرە بڕگانە بە پێی شوێنی دەنگەکان لە کۆتایی بڕگە دیاری دەکرێن.

**<u>یەکەم</u> : بڕگەیکراوە ، ئازاد ، سەربەست ، بەڕەڵلا Open syllable:**

ئەم بڕگانەن کە بە ڤاولّ یا لووتکە کۆتاییان دێت، جا ڤاوڵەکە چ کورت بێت یا درێژ. وە یان ئەو بڕگانەن کە بە دەنگێکی ڤاولّ کۆتاییان هاتبیّ، واتا ئەو بڕگانەی کە لە پێش ( Onset ) و ناوك ( Peak ) پێك هاتوون، وەك ( کا ، بۆ ، تۆ ، با ، تا ، ڕێ ،دوو ، کاکە، پارە، گۆرە ، مێرووله ، گۆرەوی ، . هتد ) ئەم جۆرە بڕگەیە واتە ( بڕگەی کراوە) لە زۆربەی زمانەکاندا بە بڕگەی پە سەند دادەنرێت .

بەرەو پەسەند ڕۆیشتنی هەر زمانێك بۆ بڕگەی کراوە، ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو زمانە لە نێو خۆیدا هەوڵی بەرەو ئاسان بوونی زمانە کەی دەدات؛ چونکە زۆری بڕگەی کراوە لە زما ندا زمان ئا سان دەکات، بەوەی کە دەربڕینی ڤاوڵەکان لە کۆتایی بڕگەدا لەسەر زار ئاسانترە لە کۆنسنانتەکان.

بڕگە لە زمانی کوردی زۆربەیان کراوەن و بڕگەی گرانیشی( دا خراو ) کە مە. بە پێچەوانەی زمانی ئینگلیزی کە بڕگەی گران و کراوەیان زۆرە، وە هەندێ زمان هەن هەر تەنها بڕگەی کراوە یان هەیەو بڕگەی داخراویان نییە، وەك زمانی یابانی و سلاڤی کۆن ، هەروەها هە ندێ لە زما نەکانی ناوەڕاستی ئەفریقیاش لە دەست بڕگەی داخراو دووردەکەوێتەوەو بەرەو کراوەیی دەچێت.

ئەگەر سەرنج بدەینە زمانی کوردی، دەبینین ئەو بڕگا نەی، کە لە زنجیرەی قسەکردندا بە دوای یەکدادێن، سنوری بڕگەکان گۆڕانیان بەسەردادێت. زۆربەی ئەو بڕگانەی، کە بە کۆنسنانت دوایان هاتووە، واتە داخراون، دەکرێنەوە ؛ ئەویش لە ئەنجامی پەڕینەوەی کۆنسنانتی پاش و پێشی بڕگەیە، بۆ بڕگەکانی نزیك خۆی، کە تیا یدا دەبێتە بەشی پێشەوە یا دواوەی بڕگە کە، وەك لەم نموونانەدا.

بێر ( خاکەناس ) + ەکە ← بێرەکە [ بێ / رە / کە ]

لاو + ۆ ← لاوۆ [ لا / وۆ ]

خواردن ← دە+ خوا + ت = دەخوات [ دەخ / وات ]

ئەم گۆڕانانەش کە لە جۆری وشەدا ڕوودەدەن، خزمەتی ئەوە دەکەن جۆری بڕگەی پە سەندەکان زیاد بکەن. هەروەها بەڵگەیەکی تری پە سەندی بڕگەی کراوە لە زمانی کوردیدا، هاتنی چەند بڕگەیەکی کراوەیە لە دوای یەکتری لە وشەیەکدا، جا چ سادەبێ یا داڕژاو یا لێکداراو. وەك لەم وشانەی خوارەوە.

تەشەنە ← تە/ شە/ نە
سەبەتە ← سە/ بە/ تە
باوەشێنە ← با/ وە/ شێ/ نە
خولانەوە ← خو/ لا/ نە/ وە

گولەبەرۆژە ← گو/ لە/ بە/ ڕۆ/ ژە
لێ ناکرێتەوە ← لێ/ نا/ کرێ/ تە/ وە
بڕیمانەوە ← ب/ ڕی/ ما/ نە/ وە
جیانابینەوە← جیا/ نا/ بی/ نە/ وە
خۆدا هێنانەوە ← خۆ/ دا/ هێ/ نا/ نە/ وە

زۆر جاریش لە بەدوای یەکداهاتنی بڕگەکراوەکان، ڕستە دروست دەبێ، وەك لەم ڕستانەدا.

سەبەتەکە دەبەنەوە ← سە/ بە/ تە/ کە/ دە/ بە/ نە/ وە
تەشەنە دەکاتەوە ← تە/ شە/ نە/ دە/ کا/ تە/ وە

هەندێ جاری واش دەبێ ڕستەی وا دروست دەبێ، کە لە دووبارە بوونەوەی بڕگەی کراوەی ڤاوڵ جۆراوجۆر پێکهاتووە.

نیوەڕۆ دێمەوە ← نی/ وە/ ڕۆ/ دێ/ مە/ وە
کارۆکەکە هاتەوە ← کا/ رۆ/ کە/ کە/ ها/ تە/ وە

## دووەم ـ بڕگەی داخراو (گیراو) Closed syllable:

ئەو بڕگانەن کە بە دەنگێکی کۆنسنانت کۆتاییان دێت، واتە هەر سێ بەشەکەی بڕگەی تێدا یە، پێش( Onset ) و لووتکە( Peak ) و پاش( Coda ) واتە دەنگی کۆنسنانت لە پێش و پاشی لووتکەی بڕگە بۆی هەیە هەبێت، ئەم کۆنسنانتانەش دەشێ دەنگێك یا زیاتر لە دەنگێك بن، واتە هێشوەکۆنسنانت بێت. وەك لەم نموونانە.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| دار | Dar | | بڕین | Brin | |
| تۆڕ | Toř | cvc | مراز | Mraz | ccvc |
| کەر | Kar | | ژوان | Jwan | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| دۆست | Dost | cvcc [30] | خوارد | Xward | ccvcc |
| بەرد | Bard | | بژارد | Bja | |
| درز | Dı rz | | بوارد | Bward | |
| ژەهر | Jahr | | درشت | Drı št | |

زمانی کوردی لەو زمانانەیە کە بڕگەی کراوە و بڕگەی داخراوی هەیە، بەلاَم" لە ڕووبەری زمانەکەدا، بڕگەی پڕ( داخراو )ی ئاسایی CVC برەوی زۆر کەمترە( کەمتر بەکار دێت ) و لە بڕگەی سووکی ( کراوەی )ئا سایی". بەلاَم بڕگەی دا خراو لە زمانە کەدا , زمانە کە بەرەو بڕگەی کراوە دە بات ( بە مەش زمان بەرەو ئا سانبوون دەڕوات ) بەوەی کە زۆر بە ئا سانی کۆنسنانتی دوای ڤاولْ دەبەخشیٚ، کاتێك کە ڤاولێکی لیٚ دەخشێت یا لێی نزیك دەبێتەوە بۆ پێکهێنانی بڕگەی تازەی دواتر.وەك لەم نموونانەدا.

بەر + ی + سێو ———— > بە/ ری/ سێو

بەر + ی + سێو+ ەکە ———— > بە/ ری/ سیٚ/ وە/ کە

وەنەبیٚ هەموو زمانێك لەم جۆرە بڕگەیەی هەبێت، ئەوەتا زمانەکانی وەك سلاڤی کۆن و یا بانی و زمانەکانی ناوەڕاستی ئەفریقیا بە هیچ شێوەیەك بڕگەی داخراو یان تێدا نابینریٚ، لەوانە یە لە سەردەمانێکی زوو بڕگەی داخرا یان تێدا هەبووبێت، بەلاَم بە تێپەڕ بوونی ڕۆژگار بە پێی پەرەسەندنی ئەم زمانانە بڕگەی داخراویان تێدا نەماوە، چونکە مرۆڤ لە هەموو بوارە کانی ژیا ندا هەردەم هەوڵی داوە بە ئاسانترین شێوەو کەمترین ووزە مامەڵە بکات، هەر وەك لەم سەردەمەدا لە بەر چاومانە.لەو بڕوایەدام کە لە دواڕۆژدا بە پێی پەرەسەندنی زمان، هەموو زمانەکانی گێتی بەرەو ئاسانترین و ساکارترین شێوەی درکاندن بچێت وبڕگەی داخراو وگرانی تێدا نەمێنیٚ.

---

30 بڕگەیەی کە هەردوو حانە نەگۆرەکەی خانەی بەرایی وخا نەی ناوە ند، پڕن و خانە کەی دوایی شی هەر پڕە، بەلاَم دوو دنگی کۆنسنانتی تێدا یە، وەك سارد cvcc ، ماست cvvc ، پشت cvcc ". زۆر لە زمانەوانان ئەم ڕا یە پە سەند دە کەن، وەك[ مەکاروس : 1987 :158 ] وە [ صادق بهاوالدین ئامێدی : 1987 : 138 ] وە [ محمد معروف تاح :1990 :76 ] وە [ رە حمان ئیسماعیل حە سەن :1991 :18 ] وە [ یحیی عبابنە : 2000 : 15 ] وە [ ئەکرەم عەنەبی :2000 :31 ] [شێرکۆ بابان :2005 :42 ]

**ب/ بڕگەی کورت و درێژ :**

هەموو بڕگەیەك لە کوردیدا، دەنگی ڤاولْ مەرجی بوونیەتی، چونکە لە زمانی کوردیدا، بڕگە بیْ ڤاولْ بە بڕگە دانانرێت. هەر لە بەر ئەمە شە کە" ژمارەی بڕگەکانی هەر وشەیەك هێندەی ژمارەی ڤاوڵەکانی ئەو وشەیە دەبێت"، ڤاوڵەکانیش لە نێوان خۆ یان دا دوو جۆر یان لیْ دەبێتەوە، بەم شێوەیە.

ڤاوڵە درێژەکان: ( ی ، ا ، وو ، ۆ ، یْ )

ڤاوڵە کورتەکان: ( ە ، و ، 1 )

هەندیْ لە زمانەوانان دیفتۆنگی ( ویْ )یش بە یەکێك لە ڤاوڵە درێژەکان دادە نێن. بڕگەش بە پێی ڤاوڵەکەی دابەش دەبێت بۆدوو بەش.

**- بڕگەی کورت.**

**- بڕگەی درێژ.**

د.وریا عمر پێی وایە، کە بڕگەی کورت و درێژ بە یاسا جیاناکرێتەوەو ناشیْ سنوور لە نێوانیا ندا بکێشرێت، لە بەر ئەم هۆیانە.

A/ زمانی کوردی هەشت ڤاوڵی هەیە ( ă, a, ŭ, u, o, e, i, ı ) لە ڕووی کورتی و درێژیەوە ناکرێنە دوو بەش.

B/ لە بڕگەدا یەك تا چوار کۆنسنانت لە گەلْ ڤاوڵێك دەردەکەون.

**دانیالْ جۆنز چەند هۆکارێك بۆ درێژیو کورتی بڕگە دیاری دەکات.**

- سروشتی فۆنەتیکی بڕگەکان خۆیان.

- سروشتی دەنگەکانی دەوروبەر.

- هێز.

دیارە ئەو ڤاوڵانەی کە بڕگەی کراوە پێکدێنن درێژترن لەو ڤاوڵانەی کە بڕگەی داخراو پێکدێنن، چونکە لەبڕگەی کراوەدا ماوەی درێژبوونەوەکەی زیاتر دەبێت. لە بەر ئەوە هیچ بەربەستێك لە بەر دەمی نییەو کراوەیە. کەچی لە بڕگەی داخراودا کە بەر دەمی ڤاوڵەکە بە کۆنسنانت گیراوە، وا تە ڤاوڵەکە درێژبوونەوەکەی دادەمرکێتەوە. بەمەش پەیوەندیەك لە نێوان ( کورتی و دا خراوی )

و ( درێژی و کراوەیی ) برِگە دروست دە بیٚ، هەر وەك پێ شتر ئا ماژەی پێ کراوە صفاء خلو صی ئە مەی خ ستۆتە ڕوو کە" هەموو برِگە یەکی کراوە بە در ێژ دەژمێردر ێت... هەموو برِگە یەکی داخراویش بە کورت دەژمێردرێت ".لە لایەکی تریش ئەو کۆنسنانتانەی کە دەوری ڤاوڵیان داوە کار لە کورتیو درێژی دەنگی نێوانیان دەکەن، هەر وەك ئەو ڤاولاٚ نەی لە ن ێوان دوو دەنگی ژ ێدارەوە دێن، درێژترن لەو ڤاولاٚنەی لە نێوان دوو دەنگی بیٚژیٚ دێن، وە یان ئەو ڤاو ڵەی پێش کۆن سنانتی ژێدار دێت، درێژترە لە وەی پێش کۆنسنانتی بیٚژی. لە ڕووی هێزیشەوە، برِگەی هێزدار درێژترە لە برِگەی بیٚهێز، وەك ( باران ) کە تیا یدا هـ ێز کەوتۆ تە سەر ( ا )ی دووەم. کەوا تە برِ گەی دووەم هێزدارە[31] بەمەش ئەم برِگەیە درێژترە لە برِگەی یەکەم ( با ) کە هێزی ناکەوێتە سەر، کەواتە

**برِگەی کورت :** ئەو برِگەیە کە دەنگە ڤاوڵەکەی ڤاولێکی کورت بیٚ، وە بەرِە چاوکردنی سرو شتی فۆنەتیکی برِگەو سروشتی دەنگە دراوسیٚ کانیو ئەو هێزەی کە دەکەوێتە سەری.
**برِگەی درێژ :** ئەو برِگەیە کە پیتە ڤاوڵەکەی درێژ بێت وە بەرِەچاوکردنی هەمان ئەو خالاٚ نەی لە پێناسەی برِگەی کورتدا باسمان لێوە کردن.

31ـ مە بەست لەو برِگەیە کە هێزی سەرەکی دەکەوێ تە سەر لە نێوبرِ گەکانی تری و شەدا، برِ گەی هـ ێزدار بە پ ێی قور سی هەوا لە برِ گەی بیٚ هـ ێز جـ یا دەکرێتەوە. واتە برِگەی هێزدار هەوایەکی زۆری لە گەڵ دا سەرف دەکرێت، بەلاٚم برِگەی بیٚ هێز هەوایەکی کەمی لەگەڵدا سەرف دەکرێت. وە هەروەها بە پ ێی کرژبوونی ئەندامەکانی ئاخاوتنیش جیا دەکرێنەوە، کە برِگەی هێزدار کرژبوونێکی ئەندامەکانی ئاخاوتنی لەگەڵ دایە، کەچی لە برِگەی بیٚ هێز ڕوو نادات.

## 8/ بڕگە و هێز Syllable & Strees :

لە زماندا بڕگە و هـێز پێکەوە دێن، چونکە بڕگە هەڵگری هـێزە، بە واتای هـێز بە شێکە لە پێناسەی بڕگە .

لە زمانی کوردیو زمانەکانیتریش چەندین پێناسە بۆ هێز کراوە، کە بە بڕگەوە بە ستراوەتەوە، وەك " لە کاتی ئاخاوتندا هەندێ بڕگە درێژترو بەهێزترو توندتر تلفظ دە کرێن" .توندتر دەربڕینی بڕگەش لە فۆنەتیکدا نیشانەی هێزە، بەم جۆرە ئەو بڕگانەی کە توند گۆ دەکرێن بڕگەی هێزدار یان پێ دەوترێ . هێزیش:" وزەێیکی زیاترە دەخرێتە سەر یەکێ لە بڕگەکانی وشە یان دەستەواژ ەـ وەیان ـ هێز زیادە ووزەیێکی دەنگییە لە پڕ لە سەر یەکێ لەبڕگەکانی وشە سەر هەڵدەدات".

کاتێك هێز دەچێتە سەر دەنگێك، نە ئەو دەنگە وون دەکاتو نە دەیقرتێنێ، بەڵکو گۆڕانکاری بەسەر ئەو دەنگە دا دێنێ، لە ڕووی توندیو ڕوونیهـێزەوە. بە مەش ئەو وشەیەی کە بڕگە کەی تێدەکەوێت گۆڕانکاری بە سەر دا دێت، بە گۆڕینی ئەو هـێزە، لە بڕگەیە کەوە بۆ بڕگەیە کە تر، واتاکەی دەگۆڕێت.کە ئەمەش فۆنیمیەتی هێز دەردەخات. کە یەکێك لە مەرجەکانی فۆنیم ئەوە یە، دەبێ واتا بگۆڕێ وەك لەم نموونانە دا خراوەتە ڕوو.

کانی ←
- کَانیْ : هێز لەسەر بڕگەی یەکەمە، بە واتای ( کوانێ )
- کانیَ : هێز لەسەر بڕگەی دووەمە، بە واتای ( سەرچاوە )

پاشان ←
- پاشَان : هێز لەسەر بڕگەی یەکەمە، بەواتای ( لە دواییدا )
- پاشَان : هێز لەسەر بڕگەی دووەمە، بە واتای ( ئەوان پاشان )

گۆڕینەوەی هێز لە سەر ڤاوڵێك بۆ هەمان ڤاوڵی بڕگە یەکی تر دەبێتە هۆی گۆڕانی دەنگی ڤاوڵەکە، کەیەکەمیان هـێزی لە سەر کەم دەبێتەوەو دووەمیان هـێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر. بە مەش ئەم فۆنیمە دوو دەنگی جیاوەردە گرێ، ئە مەش ماناى دروست بوونی ئەلۆفۆنە Alophone لەم وشانەی کە هێز کاریگەری هێزیان لە سەرە، واتە گۆڕینی هێز جگە لە مانا، باری ڕێزمانیش دەگۆڕێ وەك لە ئینگلیزیدا وشەی Impostیا ( هەرمێ ) ئەگەر هێز لە سەر بڕگەی یەکەم بوو، ئەوا وشەکە ناوە، ئە گەر لە سەر بڕگەی دووەم بوو ئەوا وشەکە دەبێتە کار. وشەکە هەر بە ڕواڵەت وشەیە، ئەگینا ڕستەیە، بەمەش هێز دوو ئەرك جێ بەجێ دەکات.

A ـ هێز لە ئەنجامی ئەم جێگۆڕکێ یە دەربڕینی دەنگەکە دەگۆڕێ.

B ـ لە ئەنجامی گۆڕینی دەربڕینەکە واتاکەشی دەگۆڕێ.

به مەش یەکێك لە هۆکارەکانی دروست بوونی ئەلۆفۆنمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە گۆڕانی هێزە لەسەر فۆنیمێك.

هەندێ جاریش وا دەبێ گۆڕانی هێز لە بڕگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر کارناکا تە سەر واتاو واتای وشە ناگۆڕێ. وەك لەم وشانە ( گەردەن ) ( پەردە) کە لە بنچینەدا هێز لە سەر دوا بڕگە یە. ئەگەر ئەو هێزە لەسەر بڕگەی یەکەمیش بێت، مانا ناگۆڕێ، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو وشەیە لە بیستن دا ناساز دەربچێ، وە ئازار بە گوێ بگەیەنێ؛ چونکە ئەگەر هێز لە شوێنی خۆی بە کارنەیەتو نەبێتە هۆی گۆڕینی واتا، ئەو وشەیەی ئەو بڕگەی تیایە دە شێوێو وەکو خۆی نایە تە بەر گوێ، بە جۆرێك، وا لە خاوەن زمان دەکات نەیناسێتەوەو بە بیانی تێ بگات.

کوردناسانی سۆڤیەت لەو باوەڕەدان کە هێز لە زمانی کوردیدا بە زۆری دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی وشە. بەلاّم زۆر جار بە ناچاری هێز بۆ بڕگەی پێشەوە دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی کە یەکێك ئاگادار دەکەیتەوە یان کەسێك ناوەکەی بە جۆرێك گۆ دەکرێت کە هێز دەخرێتە سەر بڕگەی یەکەم. بۆ نموونە لە ناوی ( بەناز )دا.

بەنَاز : هێزی سەرەکی لەسەر دوا بڕگەیە. ( ئاسایی )

َبەناز: هێزی سەرەکی لەسەر بڕگەی یەکەمە. ( ئاگادار کردنەوەی کەسێك بەتاو )

لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا , زمانەکان لە ڕووی دەرکەوتنی هێزی سەرەکی لەسەر بڕگەکان جیاوازن , ئەمەش دەبێتە تایبەتمەندی بۆ هەر یەك لە زمانەکان، وەك :

- لەزمانی چینی هەردەم هێز لەسەر بڕگەی یەکەمە.
- لە زمانی پۆلۆنیدا هەمیشە هێز لەسەر بڕگەی پێش کۆتاییە.
- لە زمانی تۆرانیەکادا هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی کۆتایی.
- لە زمانی کوردیدا هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی کۆتایی، مەگەر ناوێزە نەبێ، کە تیایاندا هێزی سەرەکی وەك لەم وشانە دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم ( چونکە ، بەلاّم ، هێشتا ، ... هتد ).

## 10/ سنووری بڕگە :

سنووری بڕگە لەیە کەم ئەو دەنگە کۆنسنانتە دە ست پیٚدە کات تا پێش ئەو ڤاولەی، کە کۆنسنانتێکی‌تری بە دوادادێت لە بڕگەی پاشتردا. وا دە بیٚ سنووری بڕگە لە پێشەوە کۆنسنانت بێت، وەك ( دار ) کە سەرەتای بڕگە بە کۆنسنانت دەست پیٚ دەکات، واش دەبێت ڤاول بێت، وەك ( ئاو ، ئە ، ئۆی ، ...هتد )، ئەمیش کە ڤاوڵێك دەکەوێتە سەرەتای بڕگە، بەلاَم لە پشتەوە سنووری بڕگە پێکهاتووە لە کۆنسنانتێك، وەك لە بڕگەی دا خراو، لەوانە شە ڤاولی کۆتایی بڕگە سنووری بڕگەکە دیاری دەکات، وەك لە بڕگەی کراوەدا، بەلاَم گەر هاتوو هەردوو لای بڕگە، وا تە خانەی پێشەوەو پشتەوەی پێکهاتبوو لە هێشووە کۆنسنانت، وەك لە کوردی دا درێژترین بڕگە بریتی یە لە چوار کۆنسنانت و ڤاوڵێك . کە دوواندیان دەکەوێتە پێش ڤاول ( لووتکە ) و دووانیان دوای ڤاولی لووتکە، وەك ( خوارد ـ Xwărd ).

زۆر جار دەتوانریٚ بە ئاسانی سنوور لەنێوان بڕگەکان دابنریٚ، تەنا نەت بە بێستنی و شەکەش زۆر جار دەتوانریٚ ئەنجام بدریٚ. هەروەك ( کاروان ) کە لە دوو بڕگە پێك هاتووە [ کار / وان ] لێرەدا سنوورەکان ڕوونن، بەلاَم باری وا هەیە پەراوێزەکان لە بڕگە بەدوای یە کداهاتووەکان یەك دەگرن‌و، کۆنسنانتی کۆتایی بڕگەی یە کەم پەیوە ندی دەبێت بە کۆنسنانتی سەرەتای بڕگەی دووەم. باری واش هەیەکۆنسنانتێك لە نێوان دوو ڤاول دا یەو دەبێتە خالی پێکەوە بە ستانی دوو بڕگە، ئەو کاتە ئاسان نییە سنووریك بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو بڕگەیە دیاری بکەین.

بۆ ئەمەش هەندیٚ پێیان وایە، کە دەکریٚ کۆنسنانتێك سەر بە دوو بڕگە بیٚ، کە ئە مەش مەحا لە؛ چونکە بە پێی یاسای فۆنۆتاکتیکی زمانەکە، هەر دەنگەو ژینگەی دەنگی هەلدە بژێریٚ بۆ ئەوەی خۆی بگونجێنیٚ، وەك لەم نموونەی خوارەوە ڕوون دەبێتەوە

دەچم ← دە/ چم

دەچم + ەوە ← دە / چـم / + ەوە

دەچ / مە / وە

لەم نموونە یە دەردە کەوێت ئە گەر ڤاوڵێك لە کۆنسنانتێکی سەرەتای بڕگە نزیك بێتەوە ئەوا بڕگەیەکی ( داخراو ) دروست دەکات . وە ئەگەر ڤاولێك لە کۆنسنانتێکی کۆتایی بڕگە نزیك بێتەوە ئەوا بڕگەیەکی ( کراوە ) دروست دەکات .

## 11/ گۆڕانی سنووری بڕگە لە زمانی کوردیدا :

سنووری بڕگە لە شێوەی باڵەکی دا ،بەپێی ئەو نۆ قالبەی کە لە لاپەڕەکانی ڕابردوودا خستمانەڕوو، دەردەکەوێت کە سنووری پێشەوەی بڕگە دەشێ کۆنسنانت بێت ,وەك ( CCVCC ,CCVC ,CVC ,CCV ,CV) وە دەشێت ڤاوڵ بێت وەك لە قالّبەکانی ( VCC ,VC ,V ) . هەروەها دە شێ سنووری دواوەش کۆنسنانت بێت ، وەك لە قەڵبەکانی ( CCVCC , CVCC , CCVC , CV , VCC , VC ) وە دەشێت ڤاوڵ بێت وەك ( CCV , CV , V ) .

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانەباسی بکەین ئەوە یە کە ئەم سنوورانە لەخوودی قالّبە کەدا ، گەر بکەوێتە ذێو زنجیرە بڕگەیە کەوە ،زۆر بەی جار جێگیر نابن ، بە تایبەتی ئەو سنوورانەی کە کۆنسنانت پێکیهێناون .

گۆڕانی سنوورەکان ، زیاتر لە سنووری دواوە ڕوودەدەن ،وەك لە هی پێشەوە، زۆر بە دەگمەنیش ڤاوڵەکان دەبنە هۆ کاری گۆڕانی سنووری بڕگە. سنووری بڕگە لە هە ندێ وشەدا زۆر ڕوون و ئاشکران ،بە جۆرێك هەرکە وشەکە دەبیستی ،یەکسەر دەتوانی بڕگەکان لێك جیابکەیتەوە، وەك لە وشەی ( یا تاغ Yătăɑ ) کە سنووری بڕگەکانی زۆر روونن ، لە دوو بڕگە پێکهاتووە( یا : تاغ Yă:tăɑ ) لەگەڵ ئەوەش دا ،وشە هەیە بڕگەکانیان ڕوونن ،وشەش هە یە بڕگەکانیان ڕوون نین ، بە تایبەتی ئەو وشانەی کە بڕگەی یەکەمیان بە کۆنسنانت کۆتایی هاتووە .

کۆنسنانتەکان زۆر شل و ناجێگیرن ،ڕادەی پێکەوەبە ستنیان بە ڤاوڵەوە ئەوە ندە پتەو نییە . چونکە کاتێك ڤاوڵێکیان لێ بخشێت ، شوێنی خۆیان بەر دەدەن و لەقالبی بڕگە کەوە دەپەڕنەوە قالبی بڕگەی دوا تر . بۆ نموونە گۆڕانی سنوور لەقالبی CVC ،پەڕینەوەی ڕە گەزی کۆتا بۆ پێکهێنانی ڕە گەزی سەرەتا لە بڕگەی دوا تر . شەرتیش نییە ئەم پەڕینەوە یە تەنها لە کۆنسنانتەکانی کۆتا ڕوو بدات ،بەڵکو جاری واش دەبێت کۆنسنانتی پێشەوەش ( کە هەرچەندە پەیوەندیان پتەوترە لەگەڵ لووتکەدا ) دەپەڕێتەوە بۆ بڕگەی پێشوو ،دەبێتە ڕە گەزی کۆتایی بڕگەکە .بۆ نموونە کە وشەی ( خاو ـ xăw ) کاتێك کە لە ڤاوڵی ( ی ـ i ) دەخشێ ،یەکسەر کۆنسنانتی کۆتایی جێگەی خۆی چۆڵ دەکات و دەبێتە کۆنسنانتی سەرەتای بڕگەی پا شتری ( دووەم ) وەك لەم نموونانەدا .

| | | |
|---|---|---|
| خوارد | xwărd | ccvcc |
| دە + خوارد | Dax:wărd | cvc/cvcc |

وە هەروەها

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| خاو | xăw | cvc | وایەر | wă:yar | cv/cvc |
| خاو + ی | xă:wi | cv/ cv | وایەر +ەك | wă:ya:rak | cv/cv/cvc |

لێرەدا تێبینی دەکرێ کە سنووری قاڵبی CVC دەگۆڕێ بۆ CV وە بە پێچەوانەوە ، سنووری قاڵبی CV دەگۆڕێ بۆ CVC وەك لەم نموونانەدا .

| | | |
|---|---|---|
| تا | Tă | cv |
| تا + ی .... | Tăy | cvc |

وە لەو بڕگا نەی کە پەراوێزەکانیان هێشووە کۆنسنانتن ، کاتێك گۆڕان لە سنووری بڕگەکانیان ڕوودەدات ،زیاتر بەسەر ئەو کۆنسنانتتانەدا دێت کە لە لوتکەوە دوورن ، چونکە پەیوەندی ڕگەزی هێشووەکان چ سەرەتا چ کۆتا ،لەگەڵ لووتکەدا جیاوازە بە جۆرێك ئەو کۆنسنانتەی لە لووتکەوە نزیکەو ڕاستەوخۆ بە ڤاوڵەوە نووساوە پەیوەندیان پتەوترە ، لەو کۆنسنانتەی کە هەنگاوێك دوای ئەو دێت ( پلە یەك لە ڤاولەوە دوورە ) .بە مەش ترازانی ڕەگەزی یەکەمی هێشووی سەرەتا و ڕەگەزی دووەمی هێشووی کۆتا ئاساننترە وەك لە ترازانی ڕەگەزی دووەمی هێشووی سەرەتا و ڕەگەزی یەکەمی هێشووی کۆتا .

ئەم پتەوی و لاوازییە لە پەیوەندی نێوان ڤاوڵ و کۆنسنانتەکاندا ،لە هێشوودا بۆ ڕوونی بیستنی کۆنسنانتەکان دەگەڕێتەوە ،کە کۆنسنانتی پاڵ ڤاوڵ لە ڕووی بیستنەوە ڕوونترە لەو کۆنسنانتەی کە هەنگاوێك لە ڤاولەوە دوورە بەمەش ترازانی ئاسانتر دەبێت ، بۆ نموونە لە گۆڕانی سنووری قاڵبی CVCC پەڕینەوەی ڕەگەزی دووەمی هێشووی کۆتا ،وەك لەم نموونانەدا.

| | | |
|---|---|---|
| هەوك | hawk | cvcc |
| هەوك + م | haw:kım | cvc/cvc |
| کوڕ | Kuř | cvc |
| کوڕ + ێك | Ku:řek | cv/cvc |

ئەم جۆرە پەڕینەوەی کۆنسنانتە ، تەنها لە هێشووی کۆتادا ڕوونادات ، بەڵکو لە هێشووەکانی سەرەتاشدا چاڵاکی لەم جۆرە بەدی دەکرێ ،کە ڕەگەزی یەکەمی هێشووەکە تیایدا شوێنی خۆی چۆڵ دەکا ،لەو قالبەی کەتیایدایەو دەپەڕێتەوە بۆ بڕگەی پێشتری ، ئەویش بەزۆری لەو شانەی کە پێشگری ( دە )ی بەردەوامیان دە چێتە پێش . وەك لە گۆڕانی سنووری قاڵبی CCVCC کە ڕەگەزی یەکەمی هێشووی سەرەتا دەپەڕێتەوە بۆ بڕگەی پێشترو شوێنی ڕگەزی کۆتا دەگرێت ، لە

هەمان کاتیشدا ، گۆڕان لە سنووری بڕگەی سەرەتا شدا ڕوودەدات ، کە قالّبی CV کۆنسنانتێك وەردەگرێت و قالّبەکەی دەبێتە CVC وەك لەم نموونانەدا :

خوارد xwărd ccvcc

دە + خوارد Dax:wărd cvc/cvcc

خوا xwă ccv

بە + خوا Bax:wă cvc/cv

هەموو ئەم گۆڕانا نەش کە لە سنووری بڕگەکا ندا ڕوودەدات ، بۆ گەیشتن بە سادەترین و پەسەندترین جۆری بڕگە لە زمانەکەدا ، کە CV وە یا CVC یە ، ئەویش بۆ ئا سانبوونی دەربڕینی دنگەکانە لە زمانەکە ،کە لەم بەشەدا بە ووردی دەیانخەینەڕوو .

بە گشتی ئەگەر ڤاولێك لە کۆنسنانتی سەرەتای بڕگەیەك بخشێت ئەوا کۆنسنانتەکە رادەکێشێت و بڕگە یەکی نوێی جۆری ( بڕگەی دا خراو ) دروست دەبێت وەك : دە + خوارد cvc/cvcc Dax:wărd , وەئەگەر کۆنسنانتێك لە ڤاولێکی سەرەتای برگە یەك بخشێت ئەوا کۆنسنانتەکە رادەکێشێت و بڕگەیەکی نوێی جۆری ( بڕگەی داخراو ) دروست دەبێت وەك :

ئاو ăw vc

ماست + ئاو Măs:tăw cvc/cvc

وە ئەگەر ڤاولێك لە کۆنسنانتی کۆتایی برگە یەك بخشێت ئەوا کۆنسنانتەکە رادەکێشێت و بڕگەیەکی نوێی جۆری ( بڕگەی کراوە ) دروست دەبێت وەك :

کوڕ Kuř cvc

کوڕ + ێك Ku:řek cv/cvc

## 12/ پەیوەندی بڕگە بە فۆنیم و مۆڕفیم و وشە :

### أ/ **بڕگە و فۆنیم:**

لە ڕووی ژمارەی فۆنیمەکانەوە دوو جۆر بڕگە دیاری دەکەین.


A ـ بڕگەی دووانی : ئەم بڕگەیە لە دوو فۆنیم پێك دێت. وەك : نا ، نە ، نۆ ، وا ، دوو.

B ـ بڕگەی سیانی : ئەم بڕگەیەش لە سێ فۆنیم پێك دێت. وەك : گوور ، سەر ، یەك.

بەمەش بە پێی ژمارەی فۆنیمەکانی بڕگەلە زمانی کوردی دە توانین بڕگەی ( یەکی و چواری و پێنجیش ) دیاری بکەین ، چونکە گەورەترین قالبی بڕگە لە زمانی کوردی لە پێنج فۆنیم پێك د ێت، کە چوار کۆنسنانت و ڤاوڵێك لە بڕگەیەك دا ڕیزدەبن CCVCC.

### ب/ **بڕگە و مۆڕفیم :**

هەرچەندە ئەمانە سەر بە دوو ئاستی جیان (بڕگە/ فۆنۆلۆجی ) و ( مۆڕفیم / مۆڕفۆلۆجی ), بەڵام ئەوەی مۆڕفیم و بڕگە بە یەکتر دەبەستێتەوە ، یاخود پەیوەندیان لە نێواندا پەیدا دەکات، ئەوە یە کە زۆرجار مۆڕفیم و بڕگە یەکسان دەبن، لەو وشە سادانەی لە یەك مۆڕفیم پ ێك د ێن و لە هەمان کاتیش‌دا یەك بڕگەن وەك لەم وشانە ( سەر ، با ، دڵ ، من ، ...هتد ).




لەوانەشە مۆڕفیم لە چەند بڕگەیەك پێکهاتبێ وەك لەم نموونانەی خوارەوە.

- دوو مۆڕفیم لە بڕگەیەك دا ← خۆت
- یەك مۆڕفیم لە بڕگەیەك دا ← سەر ، دڵ ، بای ، ...هتد.
- یەك مۆڕفیم لە دوو بڕگەدا ← پێشکە ، دەهۆڵ ، تەختە ...هتد.
- یەك مۆڕفیم لە سێ بڕگەدا ← گەلاوێژ ، بەتانی ، ...هتد.

مەرجیش نییە هەموو مۆڕفیمێك بڕگەیەك بنوێنێ، لە بەر ئەوە لە هەندێ باردا، بڕگەو مۆڕفیم یەکسان دەبن، لەبەر ئەوەشە جێناوە لکاوەکان کە مۆڕفیمن ، هیچ کاتێك بڕگە نانوێنن .

## چ/ بڕگە و وشە:

بڕگەو وشەش بە هەمان شێوەی بڕگەو مۆرفیم سەر بە دوو ئا ستی جیای زمان، کە ئا ستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجین، هەر لە بەر ئەوەشە دیسان دەڵێین وشە بە هۆی بڕگەوە دە نوێنرێ. لە هەر زمانێك دا هیچ وشەیەك نییە لە بڕگەیەك کەمتر بنوێنرێ، بە مەش بڕگە بچووکترین یەکە یە لە بنیادی وشە. بەڵام زۆرترین ژمارەی ئەو بڕگانەی لە وشەیەکدا کۆدەبنەوە، لە زما نەکان دە گۆڕێن. جگە لەمەش بۆچوونەکان جیا دەبێ ئەگەر تەنها بڕیار لە سەر وشە ڕوونەکان بدەین، هەروەك ئەو وشەیەی لە زمانی کوردی دا هەیە، جا چ ناو بێ یان کردار، لە باری سادەیی لە سێ بڕگە تێ پەڕ ناکات، بەڵام وشەیتری داڕژاو یان لێکدراو، جاری وا تا شەش بڕگە لە وشەیەکدا لە زمانی کوردی بەر چاو دەکەوێت. وەك ( تێ هەڵکێ شانەوە )، ( ب هەڤ گوهەرا ندن ). وە لە عەرەبیش دا وشە هەیە حەوت بڕگە دەینوێنێ. وەك ( ﻓ سيكفيكهموا ) وە لە ئینگلیزیشدا Constitutionality شەش بڕگە نواندویەتی.

وشەش لە زمانی کوردیدا بە سەر دوو بەشدا دا بەش دەکرێت ( وشەی یەك بڕگەیی ) کە وشەکانی یەك بڕگەن , ( وشەی فرە بڕگەیی ) کە وشەکانی فرە ( زۆر )بڕگەیی ئەوانەن کە لە دوو و سێو چوار ڤاولو زیاتریش لە وشەیەك دا بن، بە مەش بە شیکردنەوەی زمانی کوردی دە توانین ژمارەی زۆرترین بڕگەکان لە وشەی زمانی کوردیدا دیاری بکەین.

- وشەی یەك بڕگەیی ← گا ، سوور ، بەرد ...هتد.
- وشەی دوو بڕگەیی ← ئەسپ ، مامز ، پەنیر ، ...هتد.
- وشەی سێ بڕگەیی ← ئارەزوو ، شارە زوور ، هەورامان ،...هتد.
- وشەی چوار بڕگەیی ← مامەیارە ، قوتابخانە ،...هتد.
- وشەی پێنج بڕگەیی ← گوڵەبەڕۆژە ، شەمشەمەکوێرە ، گوڵاڵەسوورە ،...هتد.
- وشەی شەش بڕگەیی ← تێ هەڵکێشانەوە ،ب هەڤ گوهەراندن،

## سێیەم : یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی :

هەر زمانەو کۆمەڵێك یاسای فۆنۆلۆجی تایبەت بە خۆی هەیە ، کە ئەویش کارلێك کردنی فۆنیمەکانە کە لە پێکها تەی بڕ گەو و شەو ڕ ستەدا بەژداری دە کەن ، ئەو کارلـێك کرد نەش ز یاتر لە گەڵ دەنگەکانی دەوروبەریەتی .لە ئەنجامی ئەمەش دا دەنگەکان بەر لێشاوی گۆڕان دەکەون .

لە زمانی کوردیدا ، چەندین یاسای فۆنۆلۆجی بەدی دەکرێ ،کە بە شێوەیەکی بەرچاو بووەتە هۆی ئاسانبوونی زارەکە ،ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ڕا هاتنی ما سوولکەکانی ئە ندامانی ئا خاوتن بۆ ئەم چەشنە دەربڕنە تایبەتییە ،کەوای لێ دە کات نەتوانێت هە ندێ ڕ یت بە سەر یە کەوە دەدرکێنر ێت ،چونکە بەلایەوە گران و ناخۆشە .ئەوسا بەپێی ئەو بارو زارەی کە پێیان خۆشە وئا سانە پیـ تەکان دەگۆردرێن .

لـێرەدا هە ندێ . لە نموو نە زیـندووەکانی ئەم زما نە دەخەیـنە بەر چاو ، کە کاریـگەری ئەم یاسایانەیان بەسەرەوە دیار بێت .یاساکانیش ئەمانەن :

1- یاسای سوان ( لە ناو چوون ) .
2- یاسای هاتنەناوەوە (پەیدا بوون ) .
3- یاسای دنگەگۆڕکێ .
4- یاسای جێگۆڕکێی دەنگەکان ( سەرو ژێر ) .
5- یاسای تەبایی .
6- یاسای هەڵوەشانەوە .
7- یاسای گونجان و نەگونجان .

### 1 / یاسای سوان ( لە ناوچوون ) .

یەکێکە لەیاسا فۆنۆلۆجیەکانی زمانی کوردی ، ئەویش بریتی یەلە لەناوچوونی فۆنیمێك یا ز یاتر لە فۆنیمێك یا بڕگەیەك لە سنووری وشەیەکدا ، وشەکە شێوەی قاڵبی جـیاواز وەردە گرێ بێ ئەوەی ئەرك و واتایان کەم بێتەوە , بەڵکو تەنها لە ئەرکی ئەندامانی ئاخاوتنی کەم کردۆتەوە .

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| حوشتر | ħuštır | <—— | وشتر | wıštır | سوانی / ح ـ ħ / |
| تەققە | taqqa | <—— | تەقە | taqa | سوانی / ق ـ q / |
| بهاوێ | bıhăwe | <—— | باوێ | băwe | سوانی / هـ ـ h / |
| خودا | xudă | <—— | خوا | xwă | سوانی / د ـ d / |
| دەست شۆرك | dast šork | <—— | دەسشۆر | das šor | سوانی / ت ـ t / |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شێخ حەسەن | šexħasan | <—— | شێحەسەن | šeħasan | سوانی / خ ـ x / |
| لەبەر | labar | <—— | لەبە | laba | سوانی / ر ـ r / |
| مرۆڤ | mrov | <—— | مرۆ | mro | سوانی / ڤ ـ v / |
| ئەوڕۆژ | awřož | <—— | ئەوڕۆ | awřo | سوانی / ژ ـ ž / |
| نوێ | nwe | <—— | نو | nu | سوانی / ێ ـ e / |
| هەڵبگرە | halbıgra | <—— | هەگرە | hagra | سوانی / ل ، ب ، بزرۆکە ـ l , b , I / |
| ڕێگا | řegă | <—— | ڕێ | ře | سوانی / گ ، ا ـ g , ă / |

پێویستە ئەوە بڵێین کە لەناو چوونی دوو فۆنیم زیاتر لەوانە یە بڕگەش بگرێتەوە ،وەك ئەو گۆڕانانەی بەسەر وشەکانی ( هەڵبگرە) دا هاتووە .

## 2 / یاسای هاتنەناوەوە ( پەیدابوون )[35].

مەبەست لەو یاسایە پەیدا بوونی فۆنیمێکی تازە یە ، لە کاتی کەوتنە پاڵ یەکی دەنگەکان بۆ دروست کردنی دانەی گەورەتر " واتە پەیدابوونی دەنگێکی نوێ لە نێوان دوو دەنگدا ، لە بەر ئەوە یە هێشووە کۆنسنانت یان هێشووە ڤاوڵ( ڤاوڵ ) لە وشەیەکدا دروست نەبێ , بۆ نموونە ؛ کاتێك نیشانەی نەناسیاوی ( ێك ، ەك ـ ek ak , ) بخرێتە سەر وشەیەك کە کۆتایی بەڤاوڵی ( ا ، ێ ، ە ـ ă , e , a ) هاتبێ ،ئەوا نیمچە کۆنسنانتی / ی ـ y / لە نێوانیان پەیدا دەبێت ،وە جاری واش دەبێ کە وشە کۆتایی بە ( وو ، ۆ ـ ŭ , o ) هاتووە ،کاتێك زیادەیەکی لە دواوە دێتە سەر ، کە بە ڤاوڵ دەستی پێ کردبێت ، ئەوا ( و ، ی ـ w , y )دێتە نێوانیانەوە . جاری واش دەبێت پەیدابوونی دەنگ لە ئەنجامی کۆبوونەوەی هەندێ دەنگە ، کە ناتوانن لە گەڵ یەکتردا بێن ،دەنگێکی نوێ دێتە ناوەوە .

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| nozda | نۆزدە | <—— | no+da | نۆ+ دە | / ز ـ z / |
| gořdră | گۆڕدرا | <- —— | goř+řă | گۆڕ + را | / د ـ d / |
| dŭ[36]wam | دووەم | <—— | dŭ+ am | دوو +ەم | / و ـ w / |
| dăko | داکۆ | <—— | dăk | داك | / ۆ ـ o / |
| Sawzawăt | سەوزەوات | <—— | Sawz + ăt | سەوز + ات | / و ـ w / |
| Mămostăyă | مامۆستایان | <—— | Mămostă + ăn | مامۆستا + ان | / ی ـ y / |

---

35ـ بەهەمانشێوەی زاراوەکانی تر ،چەندین زاراوە لەلایەن زمانەوانەکانەوە ، بۆ ئەم یاسایە بەکار دێت ،وەك ( هاتنە ناوەوە ، دروست بوون ، دەرکەوتن ، زیادبوون ) .

36ـ لەم نموونانەدا ( ووو ـ ŭw ) دەبینرێ ،بەلاّم لە ئەلف و بێی کوردی دا ئەمە بە ( وو ) دەنوسرێ نەك بە ( ووو ) ، بەلاّم لە نووسینی لاتینی دا ئاسایی یە ،کە بەم شێوەیەی سەرەوە (ŭw ) دەنووسرێ.

## 3/ یاسای دەنگە گۆڕکێ .

ئەمەش شوێنگرتنەوەی فۆنیمێك یان زیاترە بە فۆنیمێکی تر یان چەند فۆنیمێك لە سنووری وشەیەکدا ،بێ ئەوەی کار بکاتە سەر واتای وشەکە ،بەڵام لەڕووی فۆرمەوە گۆڕانی بە سەر داد ێت .کەواتە " لەهەمان وشەدا دوو فۆڕم یا زیاتر دەبینرێ بە هەمان واتا ، ئەم دەنگەگۆڕکێیە لەوانە یە هۆکارەکەی کەسی بێت .بۆ نموونە لە وشەی ( دەبەم ) لەوانەیە کەسێك بە ( دەبەم ) و یەکێکی تر بە (ئەبەم ) وئەویتر بە ( تەبەم ) دەریبڕن .

لەوانە شە هۆ کاری د یالێکتی بێ ،وەك گۆڕانی / و ـ W / بە/ ڤ ـ V / لەدیالێکتی سەروودا ، یان لەوانەشە ناوچەیی بێ وتایبەت بێ بەو ناوچەیە، وەك وشەی ( دەبەم ) لە ناو چەی باڵەکیەدا بە ( تەبەم ) دەردەبڕدرێت .

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| /ب / بە/ل | بۆ | bo | <—— | لۆ | lo |
| /ح / بە/هـ / | حەوت | ħawt | <—— | هەفت | haft |
| /ز / بە/س / | زۆپا | zopă | <—— | سۆبە | soba |
| /ك / بە/ق / | کاغەز | kăɑ̆az | <—— | قاغەز | qăɑ̆az |
| /و / بە/هـ / | ورد | wırd | <—— | هورد | hurd |
| /م / بە/ب / | موسلمان | musılmăn | <—— | بوسلمان | busılmăn |
| /ك / بە/خ / | کۆکە | koka | | کۆخە | kox |
| | دکتۆر | dıktor | | دختۆر | dıxtor |
| /د / بە/ج / | خەدیج | xadij | | خەجیج | xajij |
| / و / بە/ف/ | نەوت | nawt | | نەفت | naft |
| /پ / بە/ب / | سۆپا | sopă | | سۆبە | soba |
| /ل / بە/ر / | پلنگ | pılıng | | پرینگ | pırıng |
| /م / بە/و / | دەم | dam | | دەو | daw |
| /ا/ بە /ی / | بازار | băzăr | <—— | باژێر | băžer |
| / ی / بۆ /ێ/ | میوان | miwăn | <—— | مێوان | mewăn |
| /ێ / بە /ی / | خوێن | xwen | <—— | خوین | xwin |
| /ۆ/بە /و/ | چەقۆ | caqo | <—— | چەقو | caqu |
| /ح,و/ بە /هـ,ف/ | حەوت | ħawt | <—— | هەفت | haft |

### 4 / یاسای جێگۆڕکێی دەنگەکان.

دەشێ بەم دیاردەیە بگوترێ ( هەڵگەڕانەوە ) Metathesis ، چونکە فۆنیم یێك یا چەند قۆنیمێك لەسنووری وشەیەکدا پاش و پێش یا سەرو ژێر دە کەن و لە شوێنی یەك بەکار د ێن ، بێ ئەوەی کاربکاتە سەر واتاو بیگۆڕێ .

دکتۆر محمد معروف دەڵێ "لەم دیاردەیەدا دوو دەنگ یا دوو برگە جێگاکانیان دەگۆڕنەوە ،هە ندێ جار وشەکە بەهەردوو شێوەکەی لە یەك زاردا دەبینرێ .هەندێ جاریش هەر شێوەی لە زمانێکدا دەردەکەوێ و بەکاردێت

لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونی زمانەوانەکان ، هۆکاری ئەم دیاردەیە لە زمانی کورد یدا بۆ چوار هۆ کار دەگەڕێنینەوە .

**ا - هۆکاری ناوچەیی.**

ئەمانەش وەك ئەو دیاردانەی کە تایبەتن بە شێوەزاری باڵەکیان .

بەفر bafır <—— بەرف barıf

فەقەت faqat <—— فەتەق fataq

کەروێشك karwešık <—— کێروشك kerušık

**ب - هۆکاری جیاوازی دیالێتەکان .**

(بارەکی )پشقل pısqıl <—— قشپل qıšpıl ( هەولێری)

(بارەکی) تەزرە tazra <—— تەرزە tarza ( سلێمانی )

( بارەکی )جەرگ jarıg <—— جگەر jıgar ( سلێمانی )

( بارەکی )دروین drıwin <—— دورین durin ( هەولێری )

(بارەکی ) جوین jwin <—— جنێو jınew (سلێمانی ) جون jun ( هەولێری)

(بارەکی )جیران jirăn <—— جینار jinăr ( دهۆکی )

**ج - هۆکاری ئاستی ڕۆشنبیری , یا وشەی بیانی .**

حەیوان ħaywăn <—— حەویان ħawyăn

مەکتەب maktab <—— مەتکەب matkab

جومعە jum?a <—— جوعمە ju?ma

روبع rub? <—— روعب řu?b

لەعنەت la?nat <—— نەعلەت na?lat

د ـ هۆكاری فۆنۆلۆجی .

هەر وەك هەندێ پێیان وایە ،كە لە زمانی كوردیدا دەنگەكانی / و/ ،/ ۆ/ بەدوای / ی / دا نا یەن ، بۆیەكورد ناچارە ، ئەم وشانە كە لێیانەوە وەرگیراون و ( یۆ ، یو ) یان تێدا یە ، جێگۆكێ یان پێ بكەن ، وەك لەم وشانەدا :

wenăn وێنان <—— yonăn یۆنان

mılwen ملوێن <—— mılyon ملیۆن

řăydo رایدۆ <—— řădyo ڕادیۆ

winıs وینس <—— yunıs یونس

## 5/ یاســـای تەبـــایی .

ئەمەش یەكگرتنی دووفۆنیم یان زیاترە ،بۆ دروستبوونی فۆنیمێكی نوێ لە سنووری وشەیەكدا، ڕوونتر بلێین " دوودەنگ دەچنە سەر یەك بەتایبەتی لەسنووری وشەداو دەنگێكی جیاواز دەهێنێتە كایەوە ،كە ناچێتە سەر هیچ كامیان "،جگە لەوەی لە كۆتایی وشە دەنگێكی نوێ دێتە كایەوە .

یەكگرتنی / ب ـb /+/ ە ـ a / لە دروستكردنی دەنگێكی نوێی / پ ـ p /لە سەرەتای وشەوە ، ئەویش بەهۆی لكانی ئامرازی پەوەندی بە وشەكەوە .

pıyakawa پ یەكەە <—— bayakawa بە یەكەوە

وە لە هەمان وشەدا یەكگرتنی / ی ـ y / +/ ە ـ a / بۆ دروستكردنی دەنگی / ێ ـ e / .

peko پێكۆ <—— pekawa پێكەو <—— pıyakawa پ یەكەە

هەروەها دروستبوونی فۆنیمی / ۆ ـ o /ی تازە لە كۆتاییدا دەبینین ، لە ئەنجامی ئاوێتە بوونی هەردوو فۆنیمی / و /+/ە / = / ۆ / یە وەك لەم نموونانەدا .

hăta o هاتە ۆ <—— hătawa وە+ ە+ هات

hăto هاتۆ

ئەگەر سەرنج بدەینە هەر یەك لەو جووتە فۆنیمانە /ب+ ە/،/ی + ە/،/و+ە/ دەبینین لە ئەنجامی ئاوێتە بوونیان ،فۆنیمی تازە دروست بوون ، هەموو ئەما نەش بۆ مەبە ستی ئا سان دەربڕینە لەم زمانەدا .

## 6 / یاسای هەڵوەشانەوە .

هەڵوەشانەوەی فۆنیمێکە بۆ دوو فۆنیم ،کە لە بنچینەدا دوو فۆنیم بووە و بووەتە یەك فۆنیم . وەك لە هەڵوەشانەوە / ۆ ـ o / ۆ دوو فۆنیمی / و ـ w / ،/ ە ـ a / وەك لەم نموونانەدا :

خۆشە xoša ——> خوەشە xwaša

ئەنگۆ ango ——> ئەنگوە angwa

هەروەها هەڵوە شانەوەی / ۆ ـ o / بۆ دوو فۆنیمی /ە ـ a / ،/ و ـ w / کە پێ چەوانەی هەڵوەشانەوەکەی پێشووە ،وەك لەم نموونەدا:

کۆن kon ——> کەون kawın

## /7 یاسای گونجان و نەگونجان .

### أ/ گونجان. assimilation .

بریتییە لە گۆڕانی فۆنیمێك لەناو زنجیرەی قسەکردندا ، بۆ ئەوەی لە گەڵ فۆنیمێك یا لە گەڵ فۆنیمەکانی دەورو بەری خۆ یدا خۆی ڕ ێك بخات ، ئە مەش بەهۆی کارتێکردنی دەنگەکانی دەوروبەرەوە دەبێت .گونجانیش دەکرێت بە دوو بەشەوە ( گونجانی تەواو ـ گونجانی ناتەواو ).

A / گونجانی تەواو .

لەم جۆرە گونجا نەدا فۆنیمێك بە تەواوی دە گۆڕێ ، بۆ ئەوەی بە تەواوی لە گەڵ فۆنیمێکی دەوروبەریدا ،خۆی بگونجێنێ .واتە فۆنیمی کارتێکراو دە گۆری بۆ ئەوەی بە فۆنیمی کارتێکەر بچێت . بۆ نموونە .

لێت دەدەم ——> لێد دەدەم

تەقیو/تەقیو — تەقیو/تەقیو

بێ ژێ/ژێدار — ژێدار/ژێدار

ددان/ددان — ددان/ددان

لێم دا ——> لێم ما

لووتی/تەقیو — لووتی/لووتی

ژێدار/ژێدار — ژێدار/ژێدار

لێوی/ددان — لێوی/لێوی

B / گونجانی ناتەواو .

لەم جۆرەدا فۆنیم بە تەواوی ناگۆڕێ ، بەڵکو سیمایەك لە سیماكانی فۆنیم گۆڕانی بەسەر دا د ێت . بۆ ئەوەی جۆرێك لەڕێكەوتن لەگەڵ فۆنیمەكانی دراوسێ پەیدا بكات .

**أ- گونجان لە ڕووی ژێدارییەوە:**

كاتێك دوو دەنگ لە چوارچیوەیەك دەردەكەون ،دەبنە دراوسێ ،یەكێكیان كار لەویتریان دە كات ، ئەو كارلێكردنەش تەنها لەڕووی ژێدارییەوەیە ،ئەمەش لەو فۆنیمانە ڕوودەدات ،كاتێك هەر فۆنیم ێك بەرامبەری خۆی هەبێت ،لە ڕووی ژێداری و بێ‌ژێیی‌یەوە ، وەك /س ـ ز / ،/ش ـ ژ / ،/پ ـ ب /،/ د ـ ت /،/ف ـ ڤ / ،...هتد .

ش –> ژ    پشمین pıšmin ——> پژمین pıžmin

بێ ژێ/ژێدار    ژێدار/ژێدار

ت –> د    دەتبەم Datbam ——> دەدبەم Dadbam

بێ ژێ/ژێدار    ژێدار/ژێدار

لەم نموونانەدا ( پشمین ) فۆنیمی / ش ـ š/ بێ ژێیە وفۆنیمی / م ـ m / ژێدارە . /م ـ m / كاری كردۆ تە سەر /ش ـ š /كردو یەتی بە / ژ ـ ž /كەوا تە لە ڕووی ژیداری یەوە لە گەڵ خۆی گونجاندویەتی.

**ب ـ گونجان لەڕووی بێ ژێی‌یەوە :**

ئەم جۆرە گونجانە لە شێوەزاری باڵەكیدا كەم ڕوودەدات ،ئەویش كارتێكردنی فۆنیمێكی بێ ژێ یە لە فۆنیمێكی ژێدار ،وەكو خۆی بێ‌ژێی دەكات ،بە واتایەكی تر لەگەڵ خۆیدا دەیگونجێنی ،وەك.

ژ ——> ش    چێژتن cežtın ——> چێشتن ceštın

ژێدار/ بێ ژێ    بێ ژێ/ بێ ژێ

ب ——>پ    چ بكەم cıbkam ——> چ پكەم cıpkam

بێ ژێ/ ژێدار    بێ ژێ/ بێ ژێ

لەم نموونانەدا هەردوو فۆنیمی / ژ ـ ž / و/ ب ـ b / كە ژ ێدارن بە هۆی كارتێكردنی فۆنی مەكانی دەوروبەریان / ت ـ t / و / چ ـ c / كە بێ‌ژێن ،دەنگە ژ ێدارەكانیان لە گەڵ خۆیا ندا گونجا ندووە و بێ ژێیان كردوون . واتە /ژ ـ ž / بۆ / ش ـ š/ گۆڕاوە و / ب ـ b / بۆ/پ ـ p / گۆڕاوە .

**ج ـ گۆنجان له ڕووی قەڵەو بوونەوە :**

بريتييه له گۆڕانی دەنگی سووك بۆ دەنگی قەڵەو ،بۆ مەبەستی گو نجان له گەڵ یەکتردا .وەك له وشەکانی ( تاڵ , باڵ , خاڵ , ساڵ ,.... هتد ) له ئەنجامی کارتێکردنی دەنگی قەڵەوی [ ڵ ]له سەر دەنگەکانی پێش خۆیان هەریەکە له ( ت , ب , خ , س ) بۆ خۆ گونجاندیان له گەڵ[ ڵ ] له ئەنجامی بەرزبوونەوەی دواوەی زمان بەرەو مولاّ شوو , بەر مەلاّ شوو دەدرێن و قە ڵەو دە بن . بە هەمان شێوە له وشەکانی ( سەڵتە , سەتڵ , خڵت ....هتد ) . لەم وشانەدا ئەندا مەکانی ئا خاوتن پێش وەختە ئامادەدەبن بۆ درکاندنی [ ڵ ] ی قەڵەو , وا تە پێش درکا ندنی لامە کە زمان بەرەو مەلاّشوو بەرز دەبێتەوە , کە ئەمەش کار دەکاتە سەر دەنگەکانی پێش خۆی و زۆر بەی جار دوای خۆشی , وەك قەڵەو بوونی [ س , ت , خ ] له نموونەکانی سەرەوە .

**د ـ گونجان له ڕووی لێوخڕبوونەوە :**

ئەم جۆرە گونجا نەش بە سەر ئەو دەنگە کۆنسنانتانەدا دێت کە خۆ یان له بنچینەدا لێو خڕبوونەوەیان لەگەڵدا نییه ،واته لێو خڕبوونەوە سیمای فۆنەتیکیان نییه .ئەم فۆنیما نەی کە ئەو دیاردەیان تێدا ڕوودەدات ، شێوەی درکاندنیان دەگۆڕێت بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگێکی پاڵ خۆی له سیمای لێوخڕبووندا بگونجێت،ئەمەش لەم دەنگانەدا ڕوودەدات کە دەکەونە پێش ڤاوڵەکانی / وو ، ۆ ، و ـ ŭ , u , o / وەك کوڕ kuř ، پوخ pux ...هتد.

لوول lŭl ، دوو dŭ ....هتد .

گۆم gom ، دۆت dot ....هتد .

لەم نموونانەدا هەریەکە له فۆنیمەکانی / ل ، د ، گ ، ك ، پ ـ l , d , g , k , p / له درکاندنیا ندا بەتەنها ،لێو خڕ بوونەوەیان لەگەڵ نییه ،بەلاّم کە دەکەونە پێش ڤاوڵەکانی / وو ، ۆ ، و ـ ŭ , o , u / کە لێو خڕبوونەوەیان لەگەڵدایە ،له کاتی دەربڕیندا ، وە کو ئەوان سیمای لێو خڕ بوونەوە وەردەگرن ،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری خۆ ئامادەکردن له دەنگەکانی پێشووتر بۆ دەنگەکانی دواتر .

**هـ ـ گونجان له ڕووی سازگەوە :**

ئەمەش له ئەنجامی کارتێکردنی فۆنیمێك له فۆنیمێکی تر ،له چوارچیوەیەکدا ،کە سازگەی دەنگە کارتێکراوە کە دەگۆڕێت ، بۆ ئەوەی له ڕووی سازگەوە تەواو له گەڵ دەنگە کارتێکەرە کەدا بگونجێت. بۆ نموونە .

عەنبەرۆز ——> عەمبەرۆز ( پێدا هەڵگەڕان )

قەنبور ——> قەمبور

بەرانبەر ——> بەرامبەر

لەم وشانەدا فۆنیمی / ن ـ n / لە ڕووی سازگەوە پووکیە ، گۆڕاوە وبووە بە / م ـ m / کە لەڕووی سازگەوە لێویە ،بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو دەنگەدا بگونجێت کە لە دوایەوە د ێت . هەروەها / ب ـ b / لەڕووی سازگەوە لێویە ،واتا بەکارتێکردنی فۆنیمی دواوە ، فۆنیمی پێ شەوە گۆڕاوە ،بەئاڕا ستەی هەمان سازگەی دەنگەکەی دواوەی .وەك لە وشەی ( بەرانبەر )دا .

| | |
|---|---|
| بەرانــبــەر | <—— بەرامــبــەر |
| لووتی/زاری | لووتی/لووتی |
| ژێدار/ژێدار | ژێدار/ژێدار |
| پووکی/لێوی | لێوی/لێوی |

**ب / نەگونجان ( دوورکەوتنەوە ـ جیابوونەوە ) .**

لە هەندێ باردا دووفۆنیمی وەکو یەك یا نزیك یەك ،لەگەڵ یەکتردا دەر دەکەون ،یەکێکیان شوێن بۆ ئەوی‌تر چۆڵ دە کات . یا خهە ندێ جار یەکێکیان دە گۆرێ بە فۆنیمێکی ج یا ، یا فۆنیم ێك لە نێوانیان دا پەیدا دەبێت .دوور لە فۆنیمەکەی دراوسێی کە" دوو دەنگی لەیەکچوو دوور ئەکەو نەوە لەیەکتر ، بەوەی یەکێکیان واز لە تایبەتـ یەکی خۆی دەهێـ نـێ بۆ سەر لێ تـ ێك نەدان " ئە مەش پێچەوانەی گونجا نە کە ڕوو دەدات ، ئەم جۆرە گۆڕا نەش هاو سەنگیەك لە گەڵ گونجا ندا پە یدا دە کەن ، چونکە گو نجان دەبێـ تە هۆی کەم کرد نەوە ج یاوازی فۆنی مە دراو سێیەکان .هەر چی نەگونجانیشە دەبێتە هۆی زیادکردنی جیاوازی لە نێوان فۆنیمە دراوسێیەکان . بۆ نموونە .

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| kašăf | کەشاف | <—— | kaššăf | کەششاف |
| părsang | پارسەنگ | <—— | păšsang | پاش سەنگ |
| păršiw | پارشیو | <—— | păš šiw | پاش شیو |
| . qar tă | قەرتار | <—— | qat tăr | قەتتار |